تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5859) سێ شەممە 29ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق دەکات

دوێنێ دووشەممە 2019/10/28 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئۆلە دیل باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا کە باربارا وۆلف کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

جۆ بایدن: ئەمریکا قەرزاری کوردە و نابێت پشت لە کورد بکات

جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا "جۆ بایدن" ڕایگەیاند: هەرچەندە کۆتایی بە ژیانی ئەبوبەکر بەغدادی هاتووە بەڵام داعش لە دوای بەغدادیش هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەو هۆیەشەوە پێویستە فشاری فراوانتر بکەینە سەریان تا بە تەواوی کۆتاییان پێدێنین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی نوێی ئەڵمانیا لە عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: دەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارەکان کراوەیە

ئۆلە دیل: ئەڵمانیا بەردەوام دەبێ لە پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان



دوێنێ دووشەممە 2019/10/28 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلە دیل باڵیۆزی نوێی ئەڵمانیا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا کە خاتوو باربارا ڤۆلف کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر و جێگرەکەی سڤێن کراوسپێ ئامادەی بوون، باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق، پێزانینی هەبوو بۆ سەقامگیریی و ئارامیی هەرێمی کوردستان و ڕاشیگەیاند ولاتەکەی سوپاسگوزارە بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پەنادان و حەواندنەوەی ئاوارەکان کە ئەرکێکی قورسە. ئەوەیشی ڕاگەیاند کە ئەڵمانیا بەردەوام دەبێ لە پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان و هەروەها کار و چالاکییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی گەشەپێدان و سەقامگیری.

لەبەرانبەردا سەرۆک بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ باڵیۆزی تازەی ئەڵمانیا خواست لە ئەرک و کارەکانیدا و پەیوەست بە بارودۆخی ئاوارەکان ئەوەی خستەڕوو کە هەرێمی کوردستان دەرگەی کراوەیە بۆ ئاوارەکان و پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانیی ئەڵمانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە لە بابەتی حەواندنەوەی ئاوارەکان.

هەر لەو کۆبوونەوەیە کاریگەریی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی سووریا لەسەر سەقامگیریی هەرێم و ناوچەکە خرایە بەر باس و گفتوگۆ و، مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر ئایێندەی عێراق و ناوچەکە بە تایبەت لەدوای کوشتنی بەغدادی تاوتوێ کرا.

بارودۆخی سیاسیی عێراق و گرژی و خۆپێشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ڕەوشی کەرکووک تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

کەمال کەرکووکی: لە لەناوبردنی داعشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی کارای هەبووە



بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک گەرمیانی پارتی ڕایدەگەیەنێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لەناوبردنی داعشدا ڕۆڵی کارای بینیوە و سنووردارکی بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە داناوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا 170 بارهەڵگر پێداویستی سەربازی و لۆجیستیکی و زرێپۆش ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرد

سوپای ئەمەریکا کاروانێکی سەربازی بۆ کێڵگە نەوتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕەوانە کرد کە لە170 بارهەڵگر کەلوپەل و پێداویستی سەربازی و لۆجیستیکی و زرێپۆش پێکهاتووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بۆ چوارەم ڕۆژ خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بەردەوام بوو

خۆپیشاندانەکان لە ئاشتی دەرچوون و بەرەو تووندوتیژی چوون



دوێنێ دووشەممە بۆ چواردەم ڕۆژی لەسەریەک خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بەردەوام بوو، خۆپیشاندەران داوای باشترکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی، ڕەخساندنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەن و هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ و بۆمبی دەنگیی ڕووبەڕوویان دەبنەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە).**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی حکوومەتی عێراق دەکەین، چونکە ئەو خۆپیشاندانانە داواکاریی خەڵک نییە و خەڵکێک بۆ مەرامی سیاسیی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت و دەستی دیکەش لە پشتییەوە هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە).**

ئەووروپا نەیتوانی پشتگیری کورد بکات

لە چەند پانێلێکدا کە لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، کەسایەتییەکانی کورد، سیاسەتوانانی ئەڵمانیا و نووسەری بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی، باسیان لە ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێرشی تورکیا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پەرلەمانی عێراق ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەڵوەشاندەوە

دوێنێ دووشەممە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ولاتەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، هەروەها دەرمالەی سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراقی هەڵوەشاندەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



کاردانەوەی جیهان لەسەر کوژرانی بەغدادی

ماکرۆن: کوژرانی بەغدادی لێدانێکی بەهێزە لە ڕێکخراوی داعش بەڵام ئەمە تەنها قۆناغێکە

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند لە ئەنجامی هێرشێکی هێزە تایبەتییەکانی ئەمەریکادا لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا ڕابەری ڕێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی کوژراوە. کوشتنی گەورە تیرۆریست ئەبوبەکر بەغدادیی خەلیفەی داعش لەلایەن زۆرێک لە بەرپرسانی ولاتانەوە کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق دەکات

سوپاسی ئەڵمانیا دەکەین بۆ درێژەپێدانی ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە

پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ لە خۆگرتنی پەنابەران

دوێنێ دووشەممە 2019/10/28 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئۆلە دیل باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە باربارا وۆلف کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر ئامادەی بوو، باسی لە بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پەرلەمان و حکوومەتی ئەڵمانیای کرد بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ئەفسەرانی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان بۆ درێژەدان بە ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە بارەی دۆخی ئێستای عێراقیش ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ داخوازیی ناشتیخوازانە و ڕەوای خۆپیشاندەرانین. لە هەمانکاتدا پشتگیرییش لە هەنگاوە چاکسازییەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی دەکەین.

هەردوولا هاوڕابوون لە سەر ئەوەی پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ لە خۆگرتنی ئەو پەنابەرانەی بە هۆی دۆخی گرژی ناوچەکە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.



عەلی حوسێن پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی بەهەشتەمین کۆنگرەی هاک پار گەیاند

عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری شاندێک، بەشداری لە هەشتەمین کۆنگرەی پارتی ماف وئازادییەکان (هاک-پار) لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا کرد. لە وتارێکدا عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان پەیامی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەئەندامانی کۆنگرەکە گەیاند.

دەبێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری تووندڕەوی بنبڕ بکرێن

وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: لەناوبردنی بەغدادی هەنگاوێکی گرنگە بەڵام کۆتایی تیرۆر نییە



حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەناوبردنی ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانێت بەڵام کۆتایی تیرۆر و تووندڕەویی نییە.

هەرێمی کوردستان وەک هاوبەشێکی سەرەکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژ داعش، بەردەوامە لە ڕووبەڕووبونەوەی هزری تووندڕەوی. لەم پێناوەشدا قوربانیەکی زۆری داوە و هەر لە سەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانیش ئەفسانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش تێکشکێنرا و ئەمەش بووە سەرەتای دارمانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە.

بێگومان لەناوبردنی ئەم گەورە تیرۆریستە، کۆتایی تیرۆر و تووندڕەوی نییە. بەڵکو دەبێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری تووندڕەوی بنبڕ بکرێن و هەوڵی جددیش بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و لێکەوتەکانی تیرۆر و تووندڕەویی.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
27ی تشرینی یەکەمی 2019

پەرلەمانتارێکی ئەڵمانیا:

ئەورووپا نەیتوانی پشتگیری کورد بکات



ڕووداو/

لە چەند پانێلێکدا لە ئەڵمانیا کە ڕۆژی یەکشەممە 2019/10/27 بەڕێوەچوو، کەسایەتییەکانی کورد، سیاسەتوانانی ئەڵمانیا و نووسەری بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی، باسیان لە ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێرشی تورکیا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کرد.

ئەندامێکی لیژنەی بەرگریی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا ڕەخنەی لە ئەورووپا گرت کە گوتارێکی یەکگرتوویان لەبارەی هێرش بۆ سەر کورد نییە و داواکاریی لەبارەی پێشنیازەکەی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام کاری زیاتر بکرێت.

مارکوس ڤاینبێرگ، ئەندامی لیژنەی بەرگریی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: پێشنیازی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام، پێشنیازێکی زۆر باشە. من داوادەکەم بە جیدی کاری بۆ بکەین و بزانین بە چ شێوەیەک دەتوانین ئەو ناوچەیە بە هاوبەشی دروستبکەین. دوو سێ هەفتەی ڕابردوو بەڕاستی ناخۆش بوو کە ئێمە نەمانتوانی وەک پێویست لە ئەورووپا پشتگیری کوردان بکەین.

سەرۆکی فیدراسۆنی کوردی ئەڵمانیا، کاندیدی پارتەکەی میرکەڵ بۆ هەرێمی هامبورگ و پارێزەری مافی کورد، هاوسۆزی ڕای گشتی ئەڵمانیا و کوردانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بەرزەنرخێنێت.

عەلی ئەرتان تۆپراک، سەرۆکی فیدراسیۆنی جڤاکی کوردی لە ئەڵمانیا ڕایگەیاند: تراژیدیایەکی مەزن بوو بۆ ئێمەی کورد بەڵام پشتیوانی ڕای گشتی ئەڵمانیا دڵگەرمی بوو بۆمان. لە سۆشیاڵمیدیا، بە ئیمەیل و تەلەفۆن نامەیەکی زۆرمان بەدەست گەیشت لەلایەن خەڵکی ئەڵمانیاوە لە هەموو چین و تۆیژەکان. ئەوان دەیانگوت شەرم لە خۆمان دەکەین کە ئەورووپی و ئەڵمانین. بەڵام بزانن کە گەلی ئەڵمانیا لەپشت کوردەوەیە.

هاوسۆزی و پشتگیری ڕای گشتی ئەڵمانیا و جیهان بۆ کورد وادەکات سیاسییەکان ناچاربن بڕیاری ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافی کورد بدەن.

حکوومەتی هەرێم پشتگیریی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی دەکات

خۆپیشاندانەکان لە ئاشتی دەرچوون و بەرەو تووندوتیژی چوون



فارس عیسا نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا بەمالپەڕی فەرمی پارتیی ڕاگەیاندووە کە دۆخی عێراق زۆر بەرەو خراپی دەچێت و خۆپیشاندانەکانیش لە ئاشتی دەرچوون و بەرەو تووندوتیژی چوون، ئێمەش وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری حکوومەتی عێراق دەکەین، چونکە ئەو خۆپیشاندانانە داواکاریی خەڵک نییە و خەڵکێک بۆ مەرامی سیاسیی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت و دەستی دیکەش لە پشتییەوە هەیە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم دەشڵێت، ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لە سەقامگیریی عێراق دەکەین، بۆیە پێویستە حکوومەتیش چاکسازی بکات و گەندەڵی نەهێڵێت و داواکاریی خۆپیشاندەرانیش جێبەجێ بکات.

ڕاشیگەیاندووە کە خۆپیشاندان بەردەوامە و لە زۆر شوێن حکوومەت نەماوە و دەزگاکان لە دەست خۆپیشاندەراندان، هێزە ئەمنییەکانیش پارێزگارییان لێ دەکەن و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، داعش جارێکی دیکە سەرهەڵدەاتەوە.

فارس عیسا نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا لەکۆتادا ڕایگەیاندووە کە سێ هەفتەیە شاندی هەرێم بەنیازە سەردانی بەغدا بکات، بەڵام بە هۆی ئەو ئاڵۆزیانەوە نەیانتوانیوە بێنە بەغدا ،چونکە دۆخەکە زۆر خراپە.



جۆ بایدن:

ئەمریکا قەرزاری کوردە و نابێت پشت لە کورد بکات

جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا و کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی وڵاتەکەی "جۆ بایدن" لە میانەی گوتارێکیدا سەبارەت بە کوشتنی خەلیفەی داعش ئەبوبەکر بەغدادی ڕایگەیاند: هەرچەندە کۆتایی بە ژیانی ئەبوبەکر بەغدادی هاتووە بەڵام داعش لە دوای بەغدادیش هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەو هۆیەشەوە پێویستە فشاری فراوانتر بکەینە سەریان تا بە تەواوی کۆتاییان پێدێنین. جۆ بایدن ڕاشیگەیاند: ئەمەریکا قەرزاری کورد و نابێت پشت لە کورد بکات و پێویستیشە ئێمە ئەو بەڵێنانەی بە کوردمان دابوو جێبەجێیان بکەین چونکە لە شەڕی دژ بەداگیرکاری داعش کورد زیاتر لە 10 هەزار قوربانی دا بۆ کۆتایی هێنان بە دەستدرێژی و کوشتنکارییەکانی خەلافەتەکە.

ئەمەریکا 170 بارهەڵگر پێداویستی سەربازی و لۆجیستیکی و زرێپۆش ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرد

سوپای ئەمەریکا کاروانێکی سەربازی بۆ کێڵگە نەوتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕەوانە کرد کە لە 170 بارهەڵگر کەلوپەل و پێداویستی سەربازی و لۆجیستیکی و زرێپۆش پێکهاتووە. کاروانەکەش لە هەرێمی کوردستانەوە بەرێ کەوتبوو و دەروویەری کاتژمێر دوازدەو نیوی شەوی دووشەممە گەیشتە دەروازەی سنووری سێمالکا و دواتر لە قامیشلۆوە بەرەو حەسەکە بەڕێکەوتوو و دواتر بەرەو پارێزگای دێرازۆر ملی ڕێگای گرت.

بەپێی زانیارییەکانیش کاروانەکە نزیکەی170 ئۆتۆمبێل بووە کە لە 17 زرێپۆش و ژمارەیەک بارهەڵگر پێکهاتووە کە زۆربەیان بۆکس داخراوبوون. ئۆتۆمبێلەکانیش بە یاوەری هەلیکۆپتەر گەیشتنە دێرازۆر و ئەم کاروانەش وەک گەورەترین کاروانی ئەمەریکا دادەندرێت لە عێراقەوە بۆ سووریا دوای ماوەیەکی زۆر.

ئیدارەی واشنتۆنیش هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە بوونی سەربازیی خۆیان لە کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا بەهێزتر دەکەن، ئەمەریکا بە ڕێگای بەهێزکردنی پێگەی سەربازی خۆی ئاسایشی ئەو کێڵگە نەوتییانە دەپارێزێت کە لەژێر دەسەڵات و هەژمونی هێزەکانی سووریای دیموکرات دان.



کەمال کەرکووکی: لە لەناوبردنی داعشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی کارای هەبووە



بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لەناوبردنی داعشدا ڕۆڵی کارای بینیوە و سنووردێکی بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە داناوە. لەمبارەوە د. کەمال کەرکووکی بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی، ئەمیری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش نابێتە هۆکاری بنەبڕکردنی تیرۆر، بەڵام کوژرانی ئەو گەورە تیرۆریستە دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی ڕێکخراوی داعش، هەروەها ڕەنگە لەکاتی دانانی تیرۆریستێکی دیکە لە جێگەی بەغدادی، کێشە و ناکۆکی بکەوێتە نێوان هەندێک لە بەرپرسەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە.

گوتیشی: داعش ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و لە کاری تیرۆریستی خۆی بەردەوام دەبێت، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و عێراقی و کوردستان هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ بنەبڕکردنی هزری داعش، چونکە وەکوو هزر داعش بەردەوامە.

کەمال کەرکووکی ئاماژەی بەوەش دا: ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا هەرچی خراپە هەبوو کردی، بەڵام بەهۆی قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەوە لەناو عێراق و هەرێمی کوردستان پێشمەرگە سنوردێکی بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە دانا و هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی گرنگی هەبوو بۆ لادانی تیرۆر و کاری تیرۆریستی.

ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە:

بە کوژرانی بەغدادی کۆتایی بەداعش نایەت



ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، بە کوژرانی خەلیفەکەی، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کۆتایی بەو ڕێکخراوە نایێت. جەبار یاوەر، ئەمیندارى گشتیى وەزارەتى پێشمەرگە بە خەباتى ڕاگەیاند، بە کوژرانى ئەبوبەکر بەغدادیى خەلیفەى داعش، ئەو ڕێکخراوە لاواز دەبێ بەڵام کۆتایى نایێت. جەبار یاوەر هەروەها ڕایگەیاند، داعش کەسێکى دیکەى بۆ جێگرتنەوەى ئەبوبەکر بەغدادى دەستنیشان کردووە.

لە بارەى بەشدارىکردنى پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنى کوشتنى بەغدادى، ئەو بەرپرسەى وەزارەتى پێشمەرگە ڕایگەیاند، «وەک وەزارەت بەشدار نەبووین و بۆ شوێنەکانى دیکەش ئاگادار نین».

بەرەبەیانى ڕۆژى یەکشەمە 2019/10/27 لە ئۆپەراسیۆنێکى تایبەتدا، تیمێکى سەربازیى تایبەتى ئەمەریکى بەناوى(دەلتا فۆرس) ، ئەبوبەکر بەغدادى ، خەلیفەى داعشى لە شارى ئیدلیب لە باکوورى ڕۆژئاواى سووریا ، کوشت.

ڕۆژى یەکشەمە 2019/10/27 ڕۆژنامەى (شەرقولئەوسەت) بڵاوى کردەوە، عەبدوڵڵا قارادش، کە هاووڵاتییەکى تورکمانى شارۆچکەى تەلەعفەرە، بە جێگرەوەى بەغدادى دەستنیشان کراوە.



خراپیی دۆخی عێراق کەڵکەبووی هەڵەی حوکمڕانیی 16 ساڵی ڕابردووە

عارف قوربانی: بە گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی دۆخی عێراق بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێت

عێراقییەکان هاتوونەتە سەر شەقام داوای گۆڕینی حکوومەت و جێبەجێکردنی داواکانیان دەکەن. چاودێرێکی سیاسی دەڵێ، خراپیی دۆخی عێراق کەڵەکەبووی هەڵەی حوکمڕانیی 16 ساڵی ڕابردووە، هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ هاووڵاتیان دابین نەکراوە، بە گۆڕینی سەرۆکوەزیرانی ئێستا، عێراق بەرەو دۆخێکی خراپتر هەنگاو دەنێت.

عارف قوربانی، چاودێری سیاسی، لەبارەی خۆپێشاندانەکانی شەقامی عێراقەوە، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئەو 15 پاریزگایەی لەڕێر دەسەاڵتی حکوومەتی عێراقدان، ژیانیان تێدا زۆر سەخت بووە، هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتاییان تێدا نییە، ئاو، کارەبا و ڕێگاوبان و کەرتی تەندروستی و خوێندن لە خوار سفرەوەیە.

عارف قوربانی دەشڵێ: دۆخی عێراق بە جۆرێکە، هەرچەندە خۆپێشاندانەکان دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بۆ داوای مافەکانیان بێت، ئەوە هەرکەس و لایەنێک بیبەوێت، دەتوانێت زۆر بەئاسانی دەستیان تێ وەربدات و ئاراستەکەی بگۆڕێت و بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەکاری بهێنێت، بۆیە دەستی سیاسی تێکەڵ بە خۆپێشاندەران بووە.

"ئەگەر سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی، لەسەر حوکم لابببرێت، ئەوە دۆخی عێراق بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێت، تا ئێستا باشترین سەرۆکوەزیران بووە، ئەو هاتووەتە سەر مااڵێکی وێران، ئەگەر بیەوێت بەخێرایی ئەو هەموو گەندەڵی و فەسادی ئیداریە چاک بکات ئەستەمە، ئەو ژمارە گەورەیەی گەندەڵی هی پێش حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدییە." عارف قوربانی وای گوت.

ئەو چاودێرە سیاسییە ئاماژەی بەوەش دا: گوتیشی: نەمانی450 ملیار دۆلار و بوونی بێکاری و گەندەڵی، نەبوونی خزمەتگوزاری هی حکوومەتی ئێستا نییە، لە سەردەمی حکوومەتەکانی تردە بەمیرات بۆ حکوومەتی ئێستا ماونەتەوە، ئەگەر هاوکاریی عادل عەبدولمەهدی بکرێت، ئەوە چاکسازیی زۆر باش دەکات، بەڵام گەندەڵە گەورەکان لە عێراق گرفت لەبەردەمی دروست دەکەن، چونکە لە بەرژەوەندیی ئەو گرووپ و تەیارانە دەدرێت، کە دەستیان لە هەناوی گەندەڵیدا هەیە.

قوربانی زیاتر گوتی: عادل عەبدولمەهدی دەرفەتێکی باشی ڕەخساندبوو بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بۆیە بە گۆڕینی سەرۆکوەزیران تەنگژەی زیاتر ڕووبەڕووی پێوەندییەکانی کوردستان و عێراق دەبێتەوە.

کاردانەوەی جیهان لەسەر کوژرانی بەغدادی

ئیمانوێل ماکرۆن: کوژرانی بەغدادی لێدانێکی بەهێزە لە ڕێکخراوی داعش بەاڵم ئەمە تەنها قۆناغێکە



بۆریس جۆنسن: شەڕ دژی خراپەکارییەکانی داعش هێشتا تەواو نەبووە

نانسی پیلۆسی: کوژرانی بەغدادی مانای کوژرانی ڕێکخراوی داعش نییە

وەزیری ڕاگەیاندنی ئێران: کوژرانی بەغدادی شتێکی گرنگ نییە

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند لە ئەنجامی هێرشێکی هێزە تایبەتییەکانی ئەمەریکادا لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا ڕابەری ڕێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش لەلایەن زۆرێک لە بەرپرسانی وڵاتانەوە کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا:

ئەمەریکا:

کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا جۆو بایدن ڕایگەیاند: ناکرێت چاومان لەسەر ئامانجەکە لابدەین. ڕێکخراوی داعش هێشتا هەڕەشەیە بۆ سەر گەلی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانمان و دەبێت بەردەوام بین لە فشارەکانمان تاوەکو ڕێگە نەدەین ڕێکخراوی داعش خۆی کۆبکاتەوە یاخود دووبارە هەڕەشە لە ئەمەریکا بکاتەوە. هەروەها سیناتۆری کۆماریيەکان لینزی گراهام لە کۆشکی سپی گوتی: ئەوەی ئەمڕۆ سەرۆک گوتی دووبارە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەمیشە من دەیلێم، کاتێک بابەتەکە دێتە سەر ڕێکخراوی داعش و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە دەبێت بزانن کە ئێمە لە هەر کوێییەکن بەدواتانەوەین و بە هەرشێوەیەک بێت وڵاتەکەمان و شێوازی ژیانمان دەپارێزین. هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا نانسی پیلۆسی کە ڕەخنەی لە سەرۆک ترەمپ گرت سەبارەت بەوەی کۆنگرێسی ئاگادار نەکردۆتەوە لە هێرشەکە گوتی: کۆژارانی بەغدادی شتێکی گرنگە. بەاڵم کوژرانی ئەو مانای کوژرانی ڕێکخراوی داعش نییە. هێشتا دەیان چەکداری داعش لەژێر بارودۆخی نادیاردا لە زیندانەکانی سووریا دەستبەسەر کراون سەرەڕای ئەوانەی کە لە ناوچەکە و سەرتاسەری جیهاندا هیچ فشارێکیان لەسەر نیە و سوورن لەسەر بااڵکردنەوەی دەسەاڵتەکانیان و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی.

عێراق:

حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە کوژرانی بەغدادی ڕایگەیاند: دوای چاودێریکردنێکی بەردەوام و پێکهێنانی تیمێکی کاری تایبەت و ڕاگەیاندنی ئێران محەمەد جەواد ئازەری لە تویتەر نووسیویەتی: کوژرانی بەغدادی شتێکی گرنگ نییە. ئێوە تەنها دروستکراوەکەی خۆتان کوشتووە. هەروەها وتەبێژی حکوومەتی ئێران عەلی ڕەبیعی گوتی: کوژرانی بەغدادی کۆتایی بە داعش یاخود فیکرەکەیان ناهێنێت کە بە یارمەتی هێزەکانی ناوچەکە پەرەیسەند و گەشەی کرد.

ڕووسیا:

جەنەڕاڵی ڕووسی ئیگۆر کۆناشینکۆڤ بە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیای گوتووە: وەزارەتی بەرگری ڕووسیا زانیاری باوەڕپێکراوی لا نییە سەبارەت بەو هێرشەی ئەمەریکا ئەنجامی داوە بۆ دووبارە لەناوبردنی ڕابەری ڕێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی.

فەڕەنسا:

سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لە تویتەر نووسیویەتی: کوژرانی بەغدادی لێدانێکی بەهێزە لە ڕێکخراوی داعش بەاڵم تەنها قۆناغێکە. جەنگ بەردەوامە بە هاریکاری لەگەڵ هاوبەشەکانماندا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کارەدەکەین بۆ دانانی سنووردێکی کۆتایی بۆ کوشتاری و کردەوە خراپەکانی داعش. هەروەها وەزیری دەرەوەی بەڕیتانیا دۆمینیک ڕاب ڕایگەیاند: دوای کوژرانی بەغدادی دەبێت ڕێگە نەدەین داعش ئەو کەسانە بەرز بنرخێنێت کە کاری تاوان و نامرۆیی و خراپ دەکەن. بەڕێتانیا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی داعش.

ئیسرائیل:

لای خۆیەوە سەرۆک وەزیری ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهو لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دەمەوێت پیرۆزبایی لە سەرۆک ترەمپ بکەم لەسەر ئەم ئەرکە گەورەیە کە بووە هۆی کوژرانی ڕابەری ڕێکخراوی داعش بەغدادی. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەرکە هاوبەشەکانی نێوان ئێمە و ئەمەریکا و هەموو ئەو وڵاتانەیە کە دژ بە ڕێکخراوگروپ و وڵاتە تیرۆریستییەکان دەجەنگن. ئەم دەستکەوتە بەردی بناغەی گۆشەیەکی گرنگە بەاڵم ئەرکەکە هێشتا لەبەردەماندا بەردەوامە.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

پەرلەمانی عێراق ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەڵوەشاندەوە

دەرمالّەی سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراقیش هەڵوەشێندرایەوە



دوێنێ دووشەممە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا ئەنجوومەنی پارێزگاکانی وڵاتەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، هەروەها دەرمالّەی سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراقی هەڵوەشاندەوە.

پەرلەمانی عێراق لە کۆبوونەوەی دوێنێیدا بڕیاریشی دا پارێزگارەکانی پارێزگاکانی عێراق دەستکراوە بن بۆ بەڕێوبردنی کاروبارە دارایی و کارگێڕییەکان تا ئەنجومەنی نوێی پارێزگاکان هەڵدەبژێردرێن.

هەر بە گوێرەی بڕیارەکە، لەمەودوا پارێزگارەکانی شارەکانی عێراق کاری ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکانیش رادەپەڕێنن. هەروەها پەرلەمانی عێراق بڕیاریشی دا تەواوی ئیمتیاز و دەرمالّەی سێ سەرۆکایەتیەکە، ئەندامانی پەرلەمان، گەورە بەرپرسان، راوێژکاران، بریکاری وەزیرەکان، بەڕێوبەرە گشتییەکان، دەستە سەربەخۆکان، دەسەلاتی دادوەری و پارێزگارەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەشدا، ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕاسپاردەیەکدا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق لە ماوەی چوار مانگدا خستەڕوو.

بۆ چوارەم ڕۆژ خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بەردەوام بوو



دوێنێ دووشەممە بۆ چوارەم ڕۆژی لەسەریەک خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بەردەوام بوو، خۆپیشاندەران داوای باشترکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی، ڕەخساندنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەن و هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ و بۆمبی دەنگیی ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانیش لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا، هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ ڕووبەڕوی خۆپیشاندەران بوونەوە، بەوەوێبەوە دەیان کەس بریندار بوون و لە لایەن تیمە خۆبەخشەکانەوە فریاگوزاریی سەرەتاییان بۆ ئەنجامدرا و ژمارەیەکیشیان گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی نزیک لە ناوچەکە. هاوکات قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکان بایکۆتی دەوامیان کرد و بەشێکیان بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کرد. هاوکات سەرچاوەیەکی ئەمنی لەبارەی خۆپیشاندانەکانی دوێنێی بەغدا ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو خۆپیشاندەرانەی بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنیان لە شاری بەغدای پایتەخت کوژران، بەرزبووەوە و گەیشتە شەش کەس.

عێراق.. پرسی هەمواركردنەوەی حکوومەت

سەعد حەدیسی: هەمواركردنەوەی حکوومەت ئامادەیە و چاوەڕوانین لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەند بکرێت

گوتەبێژی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، سەعد حەدیسی رایگەیاند کە هەمواركردنەوەی حکوومەت ئامادەیە و چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی ساز بکات بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدات.

سەعد حەدیسی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە هەمواركردنەوەی حکوومەت گوتی: سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی لیستێکی ئامادەکردووە کە تایبەتە بە گۆڕینی ژمارەیەک وەزیر، چاوەڕوانین ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی ساز بکات بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدات تا پەسەند بکرێت.

جێی باسە لە 24ی ئەم مانگە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاندبوو کە لە میانی ئەم هەفتەیەدا هەمواركردنەوەی حکوومەت دوور لە پشکپکشێنە ئەنجام دەدات. عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوەشدابوو کە لە چوارچێوەی هەمواركردنەوەکەدا کەسانی لێهاتوو و سەربەخۆ دەستنیشان دەکات و هەوڵدەدات زیاتر دەرفەت بۆ ئافرەت و گەنجان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە کابینەی حکوومەتەکەیدا، بوونیان هەبێت.

عێراق.. سەندیکای مامۆستایان مانگرتنی گشتی ڕادەگەیەنێت

وەک هاوسۆزییەک بۆ خۆپیشاندەران، سەندیکای مامۆستایانی عێراق، داوای لە دەستەکانی فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن کرد تا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو دەست بکەن بە مانگرتنی گشتی.

نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق، عەباس سوودانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: سەندیکای مامۆستایان داوای لە دەستەکانی فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن کردووە تا کۆتایی ئەم هەفتەیە لە قوتابخانەکاندا دەست بکەن بە مانگرتنی گشتی. سوودانی ئاماژەی بەوەش کردووە، سەندیکاکەیان وەک هاوسۆزییەک بۆ خۆپیشاندەران کە داوای دادگاییکردنی گەندەڵکاران، بەدیهێنانی دادپەروەریی، باشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی کار دەکەن، ئەو داواییەی ئاراستەی دەستەکانی فێرکردن لەناوەندەکانی خوێندن کردووە.

نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق، عەباس سوودانی هۆشداریشی دایە وەزارەتی پەروەردە لەوەی هیچ سزایەک بۆ مامۆستایانی مانگرتوو، دەرنەکات.

جێی باسە خۆپیشاندەران لە یەکی تشرینی یەکەمدا دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و دواتر بە هۆی ڕیوڕەسمەکانی ئەربەعینییەوە خۆپیشاندانەکانیان وەستاند، دواتر ڕۆژی هەینی ڕابردوو دەستیان پێکردەوە و لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەتایبەتی بەغدای پایتەخت خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. سەرەتاش خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاریان دەکرد، بەڵام لەئێستادا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت دەکەن.

سێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستیان لەکارکێشایەوە

سێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی خراپی مامەڵەی دەسەلات لەگەڵ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، دەستلەکارکێشانەوەیان لە ئەندامییەتی ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) ڕاگەیاند.

هەردوو پەرلەمانتار لە حزبی شیوعیی عێراقی، ڕائید فەهمی و هەیفا ئەمین لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە کوشتنی بەئەنقەست کراوەتە ئامرازێک بۆ مانەوە لە دەسەلات.هەردوو پەرلەمانتارەکە ڕاشیانگەیاندووە، لەپاڵ خۆپیشاندەران دەبن کە بە "ڕاپەڕینی قارەمانان" ناویان بردووە، و جەختیان لەوەکردووەتەوە حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران شکستیان هێناوە لە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران. حزبی شیوعیی عێراقی خاوەنی تەنها ئەو دوو کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەران و لەناو هاوپەیمانی سائیرون دایە کە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان لە لایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، مۆقتەدا سەدر پشتیوانییی لێکرا. لای خۆیەوە ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوپەیمانی نەسرِ بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی بەهۆی خراپی مامەڵەی دەسەلات لەگەڵ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشکرد.

سێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستیان لەکارکێشایەوە

سێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی خراپی مامەڵەی دەسەلات لەگەڵ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، دەستلەکارکێشانەوەیان لە ئەندامییەتی ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) ڕاگەیاند.

هەردوو پەرلەمانتار لە حزبی شیوعیی عێراقی، ڕائید فەهمی و هەیفا ئەمین لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە کوشتنی بەئەنقەست کراوەتە ئامرازێک بۆ مانەوە لە دەسەلات.هەردوو پەرلەمانتارەکە ڕاشیانگەیاندووە، لەپاڵ خۆپیشاندەران دەبن کە بە "ڕاپەڕینی قارەمانان" ناویان بردووە، و جەختیان لەوەکردووەتەوە حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران شکستیان هێناوە لە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران. حزبی شیوعیی عێراقی خاوەنی تەنها ئەو دوو کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەران و لەناو هاوپەیمانی سائیرون دایە کە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان لە لایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، مۆقتەدا سەدر پشتیوانییی لێکرا. لای خۆیەوە ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوپەیمانی نەسرِ بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی بەهۆی خراپی مامەڵەی دەسەلات لەگەڵ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشکرد.

بڕیاری یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە جیابوونەوەی بەریتانیا



یەکێتیی ئەورووپا داواکاری بەریتانیای پەسەند کرد بۆ دواخستنی قۆناغی جیابوونەوەی ئەو وڵاتە لە یەکێتییەکە بە شێوەیەکی نەرم تاکو 31ی کانوونی دووەمی 2020.

سەرۆکی کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپا، دۆنالّد توسک لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند، 27 وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا داواکاری بەریتانیایان پەسەند کردووە بۆ دواخستنی قۆناغی جیابوونەوەی ئەو وڵاتە لە یەکێتییەکە بە شێوەیەکی نەرم تاکو 31ی کانوونی دووەمی 2020. دۆنالّد توسک ئاماژەی بەوەش داوە کە لەگەڵ دەرکردنی بڕیارەکە بە شێوەیەکی نووسراو، ئەوا بڕیارەکە دەبێتە فەرمی. بەمجۆرە ئەگەر بەریتانیا بەر لە 31ی کانوونی دووەمی 2020 ڕێککەوتنامەی جیابوونەوەی لەگەڵ یەکێتییەکە پەسەند بکات ئەوا دەتوانێت بەر لەو ڕێککەوتە لە یەکێتیی ئەورووپا جیا ببێتەوە.

تورکیا.. هەڕەشەی کوشتن لە نووسەرێکی تورک دەکرێت



ئەسڵی ئەردۆغان، نووسەری دیاری تورکیا و دۆستی کورد، بەهۆی ئەوەی لە دیمانەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی سەرزەنشتی نەژادپەرستەکانی تورکی کردووە و دەڵێت هەر لە منداڵییەوە فێرمان دەکەن نەفرەت لە کورد بکەین، لەلایەن چەند کەسێکەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت.

ئەسڵی ئاماژە دەدات، کە ئەو وشەی نەفرەتی بەکارنەهێناوە، بەڵکوو ڕۆژنامەکە بە هەڵە دیمانەکەی ئەوی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

ئەسڵی ئەردۆغان نووسەری دیاری تورکیا، بەهۆی ئەوەی لە وتارەکانیدا پشتگیری لە کورد کردووە، بۆیە بە تۆمەتی ئەوەی سەر بە پەکەکەیە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بۆ ماوەی 2 ساڵ دەستگیر کرا و6 مانگ دەبێت ئازاد کراوە، بەڵام بەهۆی دیمانەیەکەوە کە هێرشی زۆر دەکاتە سەر حکوومەتی تورکیا و نەژادپەرستە تورکەکان، هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت.

ڕووداوەکە چۆن ڕووی دا؟

ئەسڵی لە دیمانەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی (لا ریپەبلیکا)ی ئیتاڵی، باس لە نەژادپەرستیی تورک دەکات بەرامبەر بە کورد، هەروەها ڕەخنەی زۆریش لە دەسەلاتی ئێستای تورکیا دەگرێت. ئەو دیمانەیە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی و لە ڕۆژنامەی (لی سۆیر) بڵاو دەکرێتەوە، لە بەشێکی ئەو دیمانەیەدا کە بە فەرەنسی بڵاو کراوەتەوە، ئەسڵی دەڵێت: ''ئێمە لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە فێر کراوین نەفرەت لە کورد بکەین". بەهۆی ئەم گوتەیەوە، لە سۆسیال میدیا تورکە ڕەگەزپەرستەکان هێرشی تونديان کردووەتە سەری و، ئەسڵیش لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (BBC)ی تورکی، ئاماژە دەدات ئەو هەرگیز لێدوانێکی لەو شێوەیەی نەداوە، بەڵکوو کاتێک دیمانەکە لە ئیتاڵییەوە وەرگێردراوەتە سەر فەرەنسی، بە هەڵە چەند پەرەگرافێکی شێوێندراوە و نەمگوتووە لە منداڵییەوە فێر دەکرێین نەفرەت لە کورد بکەین.

هەر لەو دیمانەیەدا باس لەوە دەکات، کە لەلایەن چەند کەسێکەوە لە سۆسیال میدیا هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە، بەڵام ئەو هەرگیز لە هەڕەشە ناترسێت. ئەسڵی لە هەموو ئەو ڕەخنانەی لە حکوومەتی تورکیای گرتووە پەشیمان نییە، ئاماژەش دەدات لە بۆچوونەکانی بەردەوام دەبێت و سووکایەتیش بە هیچ کەسێک ناکات.

رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان یەکبوونی کوردی بە کۆمەڵگەی جیهانی گەیاند

ئەنجامی ریفراندۆم لە کاتوساتی خۆیدا ئامانجی کورد بەدی دەهێنێت



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

هیچکام لە قۆناغەکانی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد و کوردستانی گەورە و رووداوەکانی، وەک ئەمڕۆ کورد یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نەبوون بەرانبەر دوژمن و داگیرکارانیان، ئەمەش بە حیکمەت و لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری کاری دیبلۆماسی، سەرۆک مەسعود بارزانی و داکۆکیکردن لە نەتەوەی کورد هەمیشە لەسەرخەت بووە، وێڕای هەموو گوشارێکی سیاسی و ئابووری، لە بەرانبەردا فەرماندەی گشتیی هەسەدە مەزلووم کۆبانێ گوتی: سوپاسی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم. ئەمەش لەکاتێکدایە سەرۆک بارزانی لە ماوەی پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان چەندینجار داوای وەستانی شەڕی کرد، لەمبارەیەشەوە چەندین دیداری لەگەڵ وەفدی وڵاتان ئەنجامدا و پێشوازی گەرمی لە ئاوارەکان کرد و محەمەدی جەستە شێوێدراو و سووتێندراوی گەیاندە فەرەنسا و لە هەولدایە بۆ رزگارکردنی شەڕقان چیچەک کۆبانی. ئەم خەسڵەتە گەورەیە لە کەسایەتیی کاریزمای سەرۆک بارزانی کۆبوونەتەوە کە وەک مەرجەعی کورد بەردەوام لە سەرخەت بووە، لە رابردووشدا زۆر نموونەی جوانی هەیە، هەر لە بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ڕەکتەرنەوەی ئالای بەعس و لە جێگای هەڵکەندنی ئالای کوردستان و ڕەکتەرنەوەی فیدراڵییەتی پارێزگاکان و پیرۆزڕاگرتنی ناوی پێشمەرگە و هەڵنەوەشاندنەوەی و جارەدانی فیدراڵییەتی بۆ هەرێمی کوردستان و نارەزایی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بۆ کۆبانێ و کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر یەک مێز و دانانی ئالای کوردستان بۆی لە وڵاتانی جیاواز و پێشوازیکردنی وەک سەرۆکی کورد و تێکشکاندنی داعش و سەرکەوتنی بەسەر تیرۆریستان دەنگدانەوەی جیهانی لێکەوتەوە، هەروەها ڕەتکردنەوەی 100 ساڵەی دابەشکردنمان لە پەیماننامەی سایکس پیکۆ و جارەدانی سەربەخۆیی کوردستان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەموو ئەمانە و کارەکانی تری نەتەوەی کوردی لە خەونی سەربەخۆیی نزیک کردووەتەوە.

بۆ خوێندنەوەی رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردووی رۆژئاوای کوردستان و ئەمڕۆی ناوچەکە، میژووی خوێناوی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێت لە رابردوودا لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەمان سیناریۆ و گەمەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا و ئەمەریکا چەندبارە بوونەتەوە وەک ئەمڕۆی رۆژئاوای کوردستان، بۆ سەرکوتکردنی بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردی و خامۆشکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و ژاکاندنی هێنانەدی خەون و ئامانجەکانی کورد لە رزگاربوون لە دیلی و داگیرکاری، نەتەوەی کورد گەلێکی گەورەی چەند ملیۆنی و خاوەن شارستانییەت و زمان و کولتوور و دابونەریتی خۆیەتی و هەمیشە ویستویەتی بە دۆستایەتی دوور لە توندوتیژی و جەنگ پارێزگاری لە خۆی بکات و کاروباری خۆی لەدەستی خۆیدا بێت بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی حوکمڕانیکردنی و دەسەڵاتی لەنێو خۆیدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕش، نەتەوەی کورد غافڵ نەبووە، کارەکتەری هەموو رووداوەکان بووە لە پێش و پاشی جەنگە جیهانییەکان لە مەیدان ئامادەباشی هەبووە بە بارتاقەی چەندینجار سەربەخۆبوون خوێن و قوربانی بەخشیوە و کەچی نەگەیشتووە بە ئامانجەکەی کە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانە، بەوەی دوژمنان و هێزمەندەکانی رۆژئاوا و ئەمەریکا هیچ کات تاسەر و بێ بەرژەوەندی هیچیان بۆ پرسی کورد و نزیکبوونەوە لە سەربەخۆییبوون نەکردووەتەوە.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی و دابەشکردنی میراتەکانی عوسمانی هەمیشە لایەنگر و هاوکاری دوژمنانی کوردبوون بۆ بکوژ و شەهیدکردنی ڕێبەرانی کورد لە ڕاپەڕین و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی پارچەکانی کوردستان و ڕاپەڕینی خەبات و شۆڕش، نەتەوەی کورد غافڵ نەبووە، کارەکتەری هەموو رووداوەکان بووە لە پێش و پاشی جەنگە جیهانییەکان لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا و ئەمەریکا چەندبارە بوونەتەوە وەک ئەمڕۆی رۆژئاوای کوردستان، بۆ سەرکوتکردنی بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردی و خامۆشکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و ژاکاندنی هێنانەدی خەون و ئامانجەکانی کورد لە رزگاربوون لە دیلی و داگیرکاری، نەتەوەی کورد گەلێکی گەورەی چەند ملیۆنی و خاوەن شارستانییەت و زمان و کولتوور و دابونەریتی خۆیەتی و هەمیشە ویستویەتی بە دۆستایەتی دوور لە تووندوتیژی و جەنگ پارێزگاری لە خۆی بکات و کاروباری خۆی لەدەستی خۆیدا بێت بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی حوکمڕانیکردنی و دەسەڵاتی لەنێو خۆیدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە خەبات و ڕاپەڕین

بەرپرسێ لقا 1 هایداریێ رەوشا ساخلەمیا چەند نەخوشان بوو



ژ بۆ لێپرسین و چاڤدێریا رەوشا ساخلەمیا هەر ئێک ژ مەکی هروری، محەمەد تاهیر مارونسی و رەمەزان شلی و سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ 1ب یاوەریا کارگێرێ لقێ سەرا وان دا و ژ بەرپێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان دەڤێ. ژلایێ خوەڤە هەرسێ دیارکرن. ژلایێ خوەڤە هەرسێ نەخۆشان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ لێپرسینا رەوشا وان یا ساخلەمی و دلخۆشیا خوە ژ بۆ ئامادەبوونا جەنابێ وی دەربڕی کو بوویە ئەگەرێ کێمکرنا ئێش و ئازارێن وان.

بەڕێوەبەری بەنداوەکان: 12 بەنداو لە هەرێمی کوردستان تەواو دەکرێن



بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێ: نووسراوێکمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ تەواوکردنی ئەو بەنداوانەی کە تەواو نەکراون و ژمارەیان 12 بەنداوە، حکوومەتیش بەڵێنی داوە پارەمان بۆ خەرج بکات و هەر کاتێکیش خەرج کرا، دەست بە تەواوکردنیان دەکرێت. ئەکرەم ئەحمەد، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: هەفتەی ڕابردوو نووسراوێکمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی پارەمان بۆ تەرخان بکرێت بۆ تەواوکردنی ئەو بەنداوانەی کە تەواو نەکراون و ژمارەیان 12 بەنداوە، چونکە پێویستە ئەو بەنداوانە تەواو بکرێن و پێویستمان پێیان هەیە. ئەحمەد باسی لەوەش کرد: ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنی داوە پارەمان بۆ خەرج بکات و هەر کاتێک پارەکە تەرخان کرا، دەست بە تەواوکردنی بەنداوەکان دەکەین، چونکە بەشێکیان دروست کراون و پێویستە تەواو بکرێن، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی‌یەوە ڕاگیرابوون. گوتیشی، بەنداوەکان بچووکن و لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانن و تەنها لە یەک شار نین.

وەزارەتی تەندروستی مانگانە دەرمانی گرانبەها بە بێ بەرانبەر بەسەر هاوواڵتیاندا دابەش دەکات



حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستییەوە مانگانە دەرمان بۆ نەخۆشخانە و بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکان دابین دەکات، گوتەبێژی وەزارەتەکەش پشتڕاستی کردەوە، تەنیا لە 2 سەرچاوەوە دەرمان دابین دەکرێت، کە یەکێکیان بەغدایە و زۆر جار ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت.

محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: لە چەندین ڕێگەوە حکوومەت دەرمان بۆ کەرتی گشتی دابین دەکات، بەڵام لە ئێستادا تەنیا لە 2سەرچاوەوە دەرمان بۆ هاوواڵتیان دابین دەکرێت، ئەویش بەشێکی کەمی لە حکوومەتی فیدراڵەوە دەگاتە وەزارەتی تەندروستی، کە زۆر جار ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت و سەرچاوەکەی دیکەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دابینی دەکات.

ئەمەو مانگانە وەزارەتی تەندروستی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی هەندێ دەرمان خەرج دەکات و بە بێ بەرانبەر دەیدات بە نەخۆش، چونکە بە هۆی گرانیی نرخەکەیان لە توانای هاوواڵتیانی کەم دەرامەتدا نییە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتی: پێشتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکار بوون لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینی دەرمان، بەڵام لە ئێستادا ئەو هاوکارییە نەماوە.

محەمەد قادر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: وەزارەتی تەندروستی هەندێ جۆر دەرمانی گرانبەها لە بازاڕ دەکڕێت و بە بێ بەرانبەر بەسەر هاوواڵتیاندا دابەشی دەکات، هەر ئەوەش وای کردووە وەزارەت زیاتر جەخت لەسەر دەرمانی گرانبەها بکاتەوە، چونکە ئەو دەرمانانەی لە بازاڕدا بەردەستن و بەهایەکی کەمیان لەسەرە، زۆر کێشە نین بۆ هاوواڵتیان، بەڵام دەرمان هەیە هەم نرخەکەی گرانە و هەمیش بەدەست ناکەوێت بە ئاسانی، بۆیە حکوومەت بێ بەرانبەر دابینی دەکات.

دهۆک.. ژمارەیەک وەبەرهێنەر بە هۆی کەمتەرخەمییەوە دراونەتە دادگا

لە پارێزگای دهۆک، خواست لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان زیادی کردووە، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆکیش دەڵێ، ژمارەیەک وەبەرهێنەر بەهۆی کەمتەرخەمییەوە دراونەتە دادگا. کوردۆ ئیحسان، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەهێنانی دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: خواست لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە سنووری پارێزگای دهۆک زۆر زیادی کردووە لە هەموو کەرتەکاندا، بەڵام ئێمە دەمانەوێ پلانی وەبەرهێنان ئامادە بکەین و دواتر وەک دەرفەتی کار بۆ وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆ دەخرێنە بەردەست.

پەیوەست بە کەرتی نیشتەجێبوون، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆک دەڵێت: پێدانی مۆڵەت بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون ڕاگیراوە، چونکە پێدانچوونەوەی بۆ دەکرێت و دەمانەوێ بە شێوەیەک مۆڵەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوونداا بدەین، ئامانجی خۆی بپێکێ لەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات، دوای پێداچوونەوە دەست بە مۆڵەتیش دەکرێت. ئیحسان جەختیشی کردەوە: ئەو پڕۆژانەی هاوواڵتیان بەشداربیان تێدا کردووە و تەواو نەکراون، بەشێکی زۆربەیان دراونەتە وەبەرهێنەرانی دیکە و کاریان تێدا دەکرێت، ژمارەیەک وەبەرهێنەریش بە هۆی کەمتەرخەمییەوە دراونەتە دادگا بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان بگیرێتە بەر.

پێداچوونەوە بە مۆڵەتی شوفێریدا دەکرێت



بەرپرسێکی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، بڕیارە پێداچوونەوە بە مۆڵەتی شوفێریدا بکرێت و دەشڵێت، سەرەتا لە نووسینگەکانی ڕاهێنانی شوفێری دەست پێدەکرێت.

عەقید ئەسعەد کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی مۆڵەتی شوفێرییە لە هەرێمی کوردستان و بڕیارە مۆڵەتی شوفێری لە سەرتاسەری هەرێم ڕێک بخرێتەوە و بە سیستەمێکی پێشکەوتووی یەکگرتوو کاری پێبکرێت، لە ئێستاشدا خەریکی دانانی میکانیزمی نوێیین بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێریی و دوای پێداچوونەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم گوتیشی: سەرەتای پلانەکەمان لە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری دەست پێدەکات و ئەو نووسینگانەی ڕاهێنان بە هاوواڵتیان دەکەن بۆ چۆنیەتی فێرکردنی شوفێر پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و ڕێک دەخرێنەوە. عەقید ئەسعەد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: قۆناغی دووەمی پلانەکە دەچینە نێو وردەکاریی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری بە شێوەی ئەلیکترۆنی، چونکە لە ئێستادا جیاوازی لە سیستەمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێریدا هەیە و هێشتا لە بەشێک لە قەزاکان بە سیستەمی کۆن کار دەکرێت، ئەوانە هەموو ڕێک دەخرێنەوە و مەرجی نوێی تێدا جێگیر دەکرێت.

دهۆک... 150 زارۆک ژ شێرپەنجەی قورتال بووینە



نۆشدارەکێ تایبەتمەندێ نەخۆشین خوینی و شێرپەنجەرا زارۆکان ل ساخلەمیا دهۆکێ دیارکر کو نوکە ل دهۆکێ کار دهێتە کرن دەست ب چاندنا مەژی هەستی بهێتە کرن و هەتا 150زارۆکێن نەخۆشین شێرپەنجەی هاتنە چارەسەرکرن. د. ئومید عەدنان، تایبەتمەندێ نەخۆشین خوینی و شێرپەنجەا زارۆکان ل ساخلەمیا دهۆکێ دیار کر: دۆرین 300 زارۆکێن نەساخیێن شێرپەنجە ل سەنتەرێ ژین یێن نەخۆشین شێرپەنجەی تۆمارکرینە ژوانا ژی هەتا 150زارۆکان هاتینە چارەسەرکرن ژ نەساخی رزگاربوونە بتنی ئەم دویڤچوونا رەوشا وان دکەین یێن دی ژی بن چارەسەری داینە ل دهۆکێ چارەسەری دهێتە کرن و زارۆکێن نەساخ یێن سووری و مووسل ژی ل دهۆکێ چارەسەری وەردگرن دەرباری دەرمانان مە هیچ کیماسیەک نینە هەموو جۆرێن دەرمانییێن چارەسەریا شێرپەنجەی ل دهۆکێ هەنە بتنی هندەک جاران نەساخ پێدڤیی چارەسەریا تیشکی بیت ئەم وان ڕەوانەی هەولێر دکەن. خۆیا ژی کر: ل گۆری ڕێکەفتنەکێ ئەو نەساخێ پێدڤیی چاندنا مەژی هەستی بیت بۆ وەلاتی هندێ دهێتە ڕەوانەکرن نوکە مە داخواز کریە ئەڤ چارەسەریا ل دهۆکێ بهێتە دابینکرن چونکو مە شیان هەنە ئەنجام بدەن پارە ژی بۆ پرۆژی چاندنا مەژی هەستی هاتیە تەرخانکرن دی وەختەکی نیزیکدا دەست پێ هێتە کرن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو خاتوو حەلاوە حەموش ئاغا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(حەلاوە حەموش ئاغا) هاوژینی شەهید(عەلی ڕەشاش)و خوشکی هەردوو شەهید(عەلی حەمە کەریم و عوسمان کەریم)مان پێگەیشت. هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە سەربەرز و نیشتیمانپەروەرەکەتان ڕادەگەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات. **انالله وانا الیه راجعون**

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز شێخ خدر شێخ مەعروف

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوخەمی خۆمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات. **انالله وانا الیه راجعون**

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز شێخ خدر شێخ معروف

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە و تەواوی خانەوادە و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات. **انا لله وانا الیه راجعون**

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

بسم الله الرحمن الرحیم

(وبشر الصابرین الذین إذا أصابتهم مصیبه قالوا إنا لله وإنا إلیه راجعون أولئک علیهم صلوات من ربهم ورحمه وأولئک هم المهتدون)..

بنافێ بنەمالا وەغەرکری و خۆدێ ژێڕازی، دایکا مە یا خۆشتڤی (صبریه هەکاری-صبریه اسعد رزگین)، سۆپاسیەکا بێ سنوور ئاراستەی لایەنێن قەدرگرانێن ل خوارێ دیارکری دکەین، کۆ هەر ژ دەستپێکا خەما مە یا گران، ژ نێزیک ڤە ئامادەبوین د ڕێوڕەسمێن ڤەشارتنا وەغەرکری دا. ڕاستەوخۆ و نەڕاستەوخۆ پەیوەندی ب مە ڤە کرین و بەشداربووین د بەهیا مەدا وخەما مە سڤک کرین. ڕێزدار جەنابێ سەرۆک بارزانی ڕێزدار کاک مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرێن حکۆمەتا کوردستانێ.. ڕێزداران کاک فازل میرانی سکرتێر و هەروسا ئەندامێن مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان .. بەرێز نقیسینگەها جەنابێ کاک نێچیرڤان بارزانی جێگرێ سەرۆکێ پارتی دیموکراتی کوردستان..
بەرێزان بەرپرس و ستافێ نقیسینگەها حزبی یا ڕێزدار جەنابێ کاک مەسرور بارزانی.. لقێن تێکۆشەر یێن 17شنگال، 18ئامێدی، 14موسل و 1دهۆک، یێن پ.د.ک.. بەرێزان پارێزگار و قایمقامێ دهۆکێ و ستافێ دگەل دا.. بەرێز بەرپرسێ ڕێکخستنا پێشمەرگێ کوردستانێ.. بەرێزان ئەندام پەرلەمانێن کوردستانێ و ئێراقێ.. دەزگایێن میری و حزبی و لەشکەری.
هێژایان مامۆستا و زانایێن ئایینی، هێژایان هۆنەرمەند و ڕۆشنبیر و نقیسەرێن دەڤەرا بەهدینان، قەدرگران ریسپی و ماقویلێن دەڤەرێ و تەڤایا چین و تەخێن جڤاکی، خۆشتڤیێن مە، کەس و کار و دۆست و هەڤاڵێن مە، یێن ل ڤێرێ و ژ ڕۆژهەلات و باکورێ کوردستانێ تەشریف ئینایین.
هەر کەسەکێ ئەرک کێشای و ب هەر ڕێکەکێ پەیوەندی ب مەڤە کری ب ڕێیا تەلەفۆنا، کورتەنامە و تۆڕێن کۆمەلایەتی یێن جڤاکی.

انا لله و إنا إلیه راجعون
بنەمالا خۆدێ ژێڕازی

www.xebat.net
ژمارە (5859) 2019/10/29 ساڵی شەشەم

فلامینگۆ.. باڵندەیەکی کۆچڕەوی باکووری کوردستان

ژمارەی فلامینگۆکان لە دەریاچەی وان زیادیان کردووە



خەبات: پاکووری کوردستان

فلامینگۆ باڵندەیەکی وشکاوەکییەو کۆچکردن و گەشتی سالانەیان دیاردەیەکی سەرنجراکێشی پارێزگای وان ی باکووری کوردستانە و بە سەدانیان لە دەریاچەی واندا دەژین، لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرمادا ناوچەکە بەرەو ئەفریقیا بەجێ دەهێڵن.

فلامینگۆ باڵندەیەکی وشکاوەکییەو کۆچکردن و گەشتی سالانەیان دیاردەیەکی سەرنجراکێشی پارێزگای وان ی باکووری کوردستانە و بە سەدانیان لە دەریاچەی واندا دەژین، لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرمادا ناوچەکە بەرەو ئەفریقیا بەجێ دەهێڵن.

فلامینگۆ باڵندەیەکی گەورەن و بەرەو ناوچە گەرمەکان کۆچ دەکەن و ئەمەش لەکاتێکدایە کە بوونی فلامینگۆ لە نزیک دەریاچەی وان دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی داوەتە ناوچەکە و پاڵپشتێکە بۆ هاتنی گەشتیاران.

لە ئێستاداو بەهۆی هاتنی وەرزی سەرماوە بە سەدان فلامینگۆ کە لە کەنار دەریاچەی وان و لە کەنارەکانی چەلەبیباغ، قاسمباغ و گۆلاغزی سەر بە شارۆچکەی ئەرجیش جێگیر بوون بەرەو ناوچەکانی ئەفریقا کۆچ دەکەن.

فلامینگۆکان بێچووەکانیان لە نزیک دەریاچەی وان گەورە دەکەن و بە زستان بەرەو ولاتانی ئەفریقیا بەڕێدەکەون.

فۆتۆگرافەرانیش ئەمە بەهەل دەزانن و سەردانی ناوچەی چەلەبیباغ دەکەن تاکو وێنەی سەرنجراکێشی ڕەوی بەکۆمەڵی فلامینگۆکان بگرن کە تێکەڵ بە سروشت بووە.

مامۆستای بەشی بایۆلۆجی لە کۆلێژی زانستنی زانکۆی یوزیلنجی وان پرۆفیسۆر دکتۆر ئۆزدەمیر ئادزل ئاماژە بەوە دەکات کە دەریاچەی وان خانەخوێیی 234 جۆر باڵندە دەکات و سەرچاوەیەکی خۆراکی باشیشە بۆ فلامینگۆکان.

ئادزل ئاماژە بەوە دەکات کە تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەم ڕەوی فلامینگۆکان تەواو دەبێت و دەڵێت: "فلامینگۆکان لەدەریاچەی وان ڕاگوزەرن. کاتێک ئەوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن دێنە حەوزەی دەریاچەی وان، لەوێ چەند مانگێک دەمێننەوە دواتر دەست دەکەنەوە بەکۆچ. ئەمسال لە چەلەبیباغ فلامینگۆکان زۆر زیادیان کردبوو. دەتوانین لە چەند ناوچەیەکی جیای سەر دەریاچەی وان فلامینگۆکان ببینین. لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا دێنە ئەم حەوزەیە، دواتر بەرەو دەریاچەکانی ورمێ و خەزەر دەڕۆن، لەکاتی گەڕانەوەدا پاش ئەوەی کەمێک لە حەوزەی دەریاچەی وان پشوو دەدەن، بەرەو ئەفریقا بەرێ دەکەون.

ئەم کۆچ و ڕەوەی فلامینگۆکان و پشوودانیان لە ڕۆخی دەریاچەی وان، سەرنجی فۆتۆگرافەران ڕادەکێشێت.

یاریدەدەری سەرۆکی سەندیکای فۆتۆگرافەرانی جیهانی عارف تاشدەمیر ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ گرتنی وێنەی بێهاوتای دەریاچەی وان چەندین چالاکی ئەنجام دەدەن.

ئەو باس لەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر فۆتۆگرافەر لە شارەکانی تورکیاوە دەچنە شارۆچکەکە بۆ گرتنی وێنەی ڕووداو سروشتییەکان لەوانە ڕەوی بەکۆمەڵی ماسیەکان لە مانگی حوزەیراندا. ئێستاش کۆچی فلامینگۆکان.



ئامادەکارییەکانی میژوو بۆ وەرزی زستان

بەشێک لە میژووە کارکەرەکان خۆراک دەدۆزنەوە و دەیهێنن لە شارەکەدا کەڵەکەی دەکەن

خەبات: پاکووری کوردستان

ئەو میژووانەی لە قەدپاڵی چیای ئاگری دەژین کە پێنج هەزار و 137 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە ئامادەکاریدان بۆ کەڵەکەکردنی خۆراک بۆ وەرزی زستان.

ئەو میژووانەی لە قەدپاڵی چیای ئاگری دەژین کە پێنج هەزار و 137 مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە ئامادەکاریدان بۆ کەڵەکەکردنی خۆراک بۆ وەرزی زستان.

میژووەکان لە هەوڵی چڕوپڕ و بێتاوبڕدان بۆ ئەوەی خواردن کەڵەکە بکەن و پێویستییەکانیان دابین بکەن تاکو زستان کاریگەری نەرێنی نەکاتە سەرژیانیان. میژووەکان بە دووری دەیان مەتر لە شارەکەیان بەدوای خۆراک و پێداویستییەکانیاندا دەگەڕێن و بە پشت دەیگوازنەوە شارەکەیان.

مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی کشتوکاڵی زانکۆی ئیدر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر جەلالەددین گۆزوئاچک رایگەیاند کە میژووەکان زۆر کاردەکەن و کۆمەڵایەتی و شانەی میژووەکان لە سێ چینی جیاواز پێکدێن و گوتی: "چینی سەرەوە شارْنە و بەردەوامی دەدات بە چینەکەی خۆی. دواتر میژووی سەرباز دێت کە شانەکە دەپارێزێت. چینی سێیەمیش میژووی کارکەرن کە مێینەن و بەردەوام خۆراک کۆدەکەنەوە و شارەکە پاک ڕادەگرن".

گۆزوئاچک ئاماژەی بەوە دا کە هەر میژوویەک کارێکی پێسپێردراوە و گوتی: "بەشێک لە میژووە کارکەرەکان خۆراک دەدۆزنەوە و دەیهێنن لە شارەکەدا کەڵەکەی دەکەن، بەشێکی دیکەیان پاکڕاگری لانەکان لە ئەستۆ دەگرن. ئەوان هاوکات لە ڕێگای کۆکردنەوەی خاشاک سوود بە سروشت دەگەیەنن".

ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە میژووەکان بۆ بەردەوامیدان بە ژیان بەردەوام پێویستییان بە کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی خۆراکە و بۆ بەردەوامیدان بە شانەکەیان ناچارن زاوزێ بکەن.





بەدلیس.. دەریاچە ڕەنگاورەنگەکەی نەمرود

خەڵاتی دانسقەیی پێیەخشراوە و بە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی ناسراوە

خەبات: پاکووری کوردستان

تورکیاش گەورەترین دەریاچەی نەمرود کە لەسەر ئاستی جیهان دووەمین و لەسەر ئاستی سووری پاییزدا پێشوازی لە میوانان دەکات.

نەمرود کە لەسەر ئاستی جیهان دووەمین و لەسەر ئاستی سووری پاییزدا پێشوازی لە میوانان دەکات و ئەم دەمەوانەیی-یە بە ئاوێزانبوونی لەگەڵ ڕەنگی زەرد، سەوز و ڕەنگی پرتەقاڵی تۆخ، بەشێکە لە ئەفسانەکانی ناوچەکە.

ئەشکەوتی سەهۆڵبەند، هەڵمکێش، جۆرەکانی باڵندە و فرەیی زیندەیی چوار وەرزی ساڵ گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

ژینگەدۆستان بە مەبەستی بینینی سەرجەم ڕەنگەکانی پاییز بەیەکەوە، دێنە تاقگەکە و بۆ زیندووهێشتنەوەی یادگارییەکانیان وێنە دەچرکێنن. هێلیم هوانگ لەگەڵ هاوسەرەکەی کە خەڵکی فەرەنسایە سەردانی نەمرودی کردووە و دەڵێت: کە ناوچەکەیان زۆر بەدڵە بۆیە خیوەتیان لێ هەڵداوە و گوتی: "شەوان ئاسمانی ئێرە تەواو جیاوازە. زیندەوارانی نزیک دەریاچەکە دەبیندرێن. بەڕاستی جوانییەکی ناوازەی هەیە".

بوراک ئالبایراک-یش کە لەگەڵ هاوڕێکانی لە ئیستانبوڵەوە هاتووە ئاماژەی بەوە دا کە هاتوونەتە ناو ئەو سروشتە دڵڕفێنەی دەمێکە ناویان بیستووە و گوتی: "دەڵێی پەلکەزێڕینەیە ئێرە هێنده ڕەنگاوڕەنگە. پێشنیاز دەکەم بۆ هەموو کەس ڕوو لێرە بکات و تاکو لە بینینی ئەو جواننییە دڵڕفێنە بێبەش نەبن".



عیماد تەها

جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان

ڕۆژی هەینی 25/10 لەعێراق بەگشتی دو کاردانەوەی جیاواز بەدی کرا لەبغداد و هەولیر. لە بەغداد و زۆربەی شارەکانی عێراق خۆپیشاندان هەبوو بەرپرسان و کاربەدەستانی دەزگاکانی ئەمنی سەرقاڵی دارشتنی پلان و خو پاراستن بوون تا کو جەماوەرو خەڵک کورو کچی گەنج پەلاماری دام و دزگا حکومەتەکیان نەدەن و نەروخێن پشتراستم کەخۆپیشاندانەکان هوکاری خووی هەیە کەئەویش دەگریتەوەبەحکومرانی حکومەتەکانی یک لەدوای یکی بەغداد کە نەیانتوانیوە لەئاست خواست و داخوازیەکانی مافی ڕەوای خەڵک دابن سامان و پروەنی وەلاتیان بەشیوەیەکی پشک پشکێنەلەسەر خوبان و پارتەکانیان دا دابەش کردووە بویەئەوی ئەمرو لەبەغداد و شارەکانی دیکە هەیە دەرهاویشتەیەکی رابرودووی ئەدای خراب و حوکم رانەکان بووە ئەم بابەتە زوری هەڵدەگریت مەبەستنم جیاوزی نێوانمان دایە، باسم کرد لەبەغداد ڕۆژی هەینی چی دەبینریت دەگوزریت بەڵام بەپیچەوانەوە لەهەرێمی کوردستان لەهەولێری پایتەخت سەروک و سەرکردەکان و دەزگا ئەمنیەکانی هەریم سەرقاڵی بەریوەچون و بەشداری کردنی هەشتەمین ماراسونی نێودەڵەتی بوون. ڕۆژی هەینی کەلەبەغدا گەنج دەکوژرێت و بریندار دەبیت و سوکایەتی پێدەکرێت، لەهەولێری پایتەخت گەنجانی کورو کچ و کونسڵەبیانیەکان لەکەش و هەوایەکی تەندروست و ئارام هەشتەمین ماراسونی نیودەڵەتی بەڕێوەدەبن.

ریزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو گەورەترین دەست هەڵاتی هەرێم کەسەروکی هەرێمی کوردستانە، بەجوش و خروشەکی تایبەتەوە بەروحیەتێکی ریازی و بەخوشحالیەوە لەگەل هاوولاتیانی هەرێم کور و کچ گەنج وپیری و کونسلەبیانیەکان کەلەهەرێمن بەشدار دەبێت سەرەرای کەمو کورتیەکان و تێدەگەین کەزور کراوە و زوری ماوە بکریت بەڵام دیسان جیاوازی نیوان خەڵکی هەرێم و ئەوان دڵسوزی و هوشیاری و متمانەی خەڵک و هاوڵاتی و حکومەت خوشەویستی بو وەلات و ڕێبازەکەیان و پاراستنی دەست کەوت و ڕێز گرتن لەخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانیان و شەونخونی دەزگائەمنیەکان و فیداکاری و ڕۆڵی پیشمەرگەقارەمانەکانمان و پەروشی و خەمخوری دبلوماسیەتی گشتی سەرۆک و سەرکردە دڵسوزەکانی هەرێمی کوردستان وای کردوە کە هەمیشەجیاواز بین

هیوادارین تەمەننا دەکەین کەهەمیشە لەهەموو ماراسونەکان و بابەتەکان بەگشتی جیاواز تر بین لەپێشتر بین تا کو دەگەینە هەموو ئارمانجەکانمان وبتنوانین زیاترین خزمەت بەهاوولاتین بگەینین...وەلات ئاوادانتر .. روحی شەهیدان شاد.



خۆپیشاندان لە بەغدا و ماراسۆن لە هەولێر

نێچیرڤان بارزانی بەشداریی لە هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر کرد



سەربەست مەفتی

بیناکردنی ئومێد و کارکردن بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار لە قۆناغی بیر و باوەڕی ئێمەدایە، باوەڕمان بە ڕەوایەتی دۆزەکەمان هەیە، پشتئەستورین بە گەلی کوردستان، هەربۆیە لەسەر بنەمایەکی ڕاستەقینەی دەست لێدراوی هەبوو ئومێدمان بە خۆمان هەیە و کار بۆ داهاتوویەکی باشتر دەکەین، کاری ئێمە دروستکردنی هیوایە بە ئێستا و داهاتوو، دروستکردنی گەشبینییە بۆئەوەی لە گەشبینییەکانمانەوە وزەی بەردەوامی بەدەست بهێنین و لە وزەی بەدەستهاتوومانەوە ئایندە پڕشنگدار بکەین.

لە ماوەی دەست بەکاربوونیدا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە گەشبینییەکی زیاتر‌ەوە دەستبەکاربووە و بەردەوامی بە پرۆسەی ئاوێتەبوونی خەڵک و دەسەڵات دەدات، نزیکتر لە جاران و بە مۆدێل و ئیتۆدی سەردەمیانەتر بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەکات، وەک هەمیشەش چاوی لە پاراستنی ژینگەیە و بەردەوام تەکەس لە پاراستنی ژینگە دەکاتەوە، بەشداری سەرۆکی هەرێم لە هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتیی هەولێر هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، لەسەرو هەمووبانەوە ئاوێتەبوونی دەسەڵات و خەڵکە لە قۆناغی نائومێدبوونی خەڵک بە دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، هاوکات پشتیوانی وەرزش و گیانی یەکتر قبوڵکردن و ژینگەپارێزیبە وەک لە ناونیشانی ماراسۆنکەوە دەیخوێنیەوە.

بە پێچەوانەی ڕەوتی خێر و چاکەی کوردستان، ڕەوتی شەڕ و خراپەکاری بەردەوامن لە پرۆسیسی نائومێدکردن و بەلاڕێدابردن، ڕەشبینکردن میتۆدێکی ژەهراوی گرووپ گەلێکە کە هەوڵی تێکەڵکردنی کارتەکان دەدات، لای ئەوان هەموو شتێکی ئێمە خراپە و ئێمە لەوپەڕی داڕزان و کەوتندایین، ئێمە هیچ ئومێدێکی ڕزگاری و هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنمان نیە، لێخستن و داخزان و پەرێشانی ڕێگا و ڕێبازی تاقمێکی وێرانە مااڵ و سەرلێشێواوە کە دەیانەوێت ڕەشبینییەکانیان بکەنە تەوژمێکی بەربااڵو کە تەواوی کۆمەڵگا داببۆشێت، ئەم تەوژم و بیر و بۆچوونە بۆ؟ هەموو نزیکبوونەوەیەکی دەسەڵات لەخەڵک و ئاوێتەبوونێک بە هاوولاتی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی باوەڕمان بەئایندەیەکی باشتر هەبێت، بەشێکی گەورەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گیرۆدەی جیاوازییە گەورەکانی دەسەڵات و گەلن، بەهاری عەرەبی دەرهاویشتەی چیە، چی وای لە گەلانی تونس و میسر و یەمەن و سوریا کرد بێنە سەرشەقام و داوای گۆڕینی دەسەڵات و سیستمی حکوم بکەن؟ دووری دەسەڵات لەخەڵک، بێبەکی دەسەڵات لە هاوولاتی و مافەکانی، هەست نەکردن بە ئازارەکانی کۆمەڵگا، نزیکترین ڕوودواوەکانی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بێبەک و دوور لەگەل خۆپیشاندانەکانی عێراقە، ئەو خۆپیشاندانەی کە دەرهاویشتەی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی کاربەدەستە بێ باک و بێ دەربەستەکانی عێراقە، ئەگەرچی خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی عێراق دەستی سیاسیی و پیلانی دەوڵەتانی لەپشتە، لێ داخوازیەکانی خەڵکی خۆپیشاندەر ڕەوان لە گوزەرانێکی شایستە بە هاوولاتیانی عێراق، بۆ ئەوانەش کە سەرقاڵی بەراوردکاری ئەزموونی هەرێمن بە ئەزموونە خراپەکانی ناوچەکە، هێند بەسە لەڕۆژی دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان لە عێراق، هەشتەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی لە هەولێر لە کەشێکی ئارامدا ببینن.

دووەم ساڵیادی داستانی سحێلا
پێشمەرگە، هێزی خۆنەچەمێنی کوردستانن





ئیسلام یاسین هەرنی

دوو ساڵ پێش ئەم بەرواڕە و لەم مانگەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوورەکان لەگەڵ چەکداری هێزە جیاوازەکانی عێراق بە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی وڵاتانی دراوسێ لە شەڕێکی نابەرامبەردا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەجۆرێک چەکدارە عێراقییەکان چەندین جۆری چەکی پێشکەوتوو و سەردەمیانەیان لە بەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە بەکارهێنا، بەڵام نەیانتوانی یەک هەنگاویش بێنە پێش بەهۆی بەرگریی بەهێزی پێشمەرگە قارەمانەکان.

ئەوەی شکستی بە پیلان و چەکدارە مەشقپێکراو و پرچەکەکانی دوژمن هێنا تەنها ئیرادەی پێشمەرگە و بوونی ڕابەرێکی نەتەوەیی و پێشمەرگانەی وەک مسعود بارزانی بوو کە هیچ سازشێکی لەسەر پاراستنی کوردستان نەکرد و ڕۆژانە لە هێڵەکانی پێشەوەی بەرگری بوو، ئەمەش وەرە و هێز و بڕوابەخۆبوونی لای پێشمەرگەکان زیاتر دەکرد، ڕۆژانە سەرۆک بارزانی گڕوتینی خۆشەویستیی نیشتمان و پیرۆزیی شەهید بوون لەپێناوی پاراستنی خاک و ئاڵای کوردستاندا زیاتر دەکرد. سەبارەت بە تیرۆریەکانی جەنگ کۆمەڵێک شرۆڤە و بۆچوونی جیاواز هەیە کە هەندێک پێیان وایە جەنگ ڕووداوێکی حەتمییە و هەر ڕووداوەدات، کۆمەڵێک لە زانایان و شرۆڤەکارانی جەنگ پێیان وایە ڕووداوگەلێک هەن کە هەرگیز ناکەونە سەر یەک هێڵ و هەمیشە لە ململانێدان لەپێناو مانەوەدا. کارل فون کلاوزفیتز یەکێکە لە میتۆوونووسەکانی جەنگ و بە فەیلەسوفێکی جیهانی جەنگ دادەنرێت لە یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانیدا کە لە زۆربەی کۆلێژەکانی سەربازیدا دەخوێندرێت بەناونیشانی (لەبارەی جەنگەوە) جەنگەکان بۆ دوو دەستە پۆلێن دەکات:

یەکەم/ جەنگێک کە ئامانج لێی تێکشکاندنی دوژمنە کە ئەویش زیاتر جەنگی بەرگری پێدەڵێن .

دووەم/ جەنگێک لەپێناو دەست بەسەراگرتنی بەشێک لە خاکی دوژمن یان خاکێک کە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکە پێویستە بەڕێوە بچێت. هەروەها لە بەشێکیترەدا دەیەوێت خواستی جەنگ ببەستێتەوە بە سروشتی بونگەرایی مرۆڤەوە و دەڵێت: جەنگ هەیە و دەشبێت، مرۆڤ لەبوونەوە لە پێناوی مانەوەدا هەمیشە لە جەنگدا بووە لەگەڵ سروشت و ئاژەڵ و تەنانەت خودی مرۆڤەکانیشدا، ستراکتۆری دەروونناسانەی مرۆڤ بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە جەنگەوە هەیە.

هەربۆیە لە کۆنترین سەردەمەکانەوە هیچ قۆناغێکمان دەست ناکەوێت کە میتۆوێوەک لە جەنگ و تونددوتیژی تێدا نەبووبێت و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بەبڕوای زۆر لە زانایان ئاشتی و جەنگ دوو قۆناغی خۆنەگر و کاتین بەو پێیە دەوڵەتان و میلەتانی دنیا دەبێت هەمیشە ئامادەییان بۆ بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگ هەبێت وەک پێویستییەکی حەتمی لەپێناو مانەوەدا.

بەڵام نیکۆڵۆ ماکیاڤیلی ڕوانگەیەکی تری هەیە سەبارەت بە جەنگ و لە تیرۆریەکدا دەڵێت: (هەر جەنگێک پێویست بوو کەواتە مەشروعە! ئەمەش لە کاتێکدا ڕووەدات کە سەرکردەی وڵات بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات بڕیاری لەسەر دەدات، لە ئەنجامدا جەنگێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەل بکرێت بە ئاراستەی پاراستنی مافی وڵات کەواتە جەنگێکی مەشروعە). کە ئەمەیان زیاتر تیرۆرییەکە کە کورد خۆی تیادا دەبینێتەوە، چونکە هەمیشە سەرکردەکانی کورد لەپێناوی بەرژەوەندی و سەندنەوەی مافی داگیرکراوی کورددا بڕیاریان لە جەنگ داوە.

هەموو ئەو تیۆری و شرۆڤانەی لەبارەی جەنگەوە کراون ئەوە ناگەیەنێت کە جەنگ ڕووداوێکی سروشتی و ئاسایی ژیانە، بەڵکو کۆی بنەماکانی سەروەری مرۆڤ کۆکن لەسەر ئاشتی و ڕەتکردنەوەی جەنگ، بەڵام بیریشمان نەچێت کە زۆربەی وڵاتانی زلهێزی دنیا لەژێر دروشمە بریقەدارەکانی ئاشتیخوازی نەتەوەکانیتریان چەوساندۆتەوە.

هەموان شاهێدی ئەوەین کە چۆن هێزەکانی پێشمەرگە لە پردێ و سحێلا و تلسقۆف و مەحمودییە و ناوچەکانی تر جارێکی تر پێشمەرگەی لە سەنگەری بەرخودان و سەرکەوتندا وێناکردەوە، ڕاستە ماوەیەکی زۆر نەبوو پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعشدا سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە شەڕی دژ بە داعشدا هاوپەیمانان هاوکارمان بوون، جگە لەوەش داعش چەکی مۆدێرن و هێزی جۆرها چەکی پێشکەوتووی جیهانی. لە کاتێکدا چەکدارەکانی عێراق دوای سەرکەوتنیان بە پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمانی بەسەر داعشدا تووشی غروری سەربازی ببوون و پێیان وابوو دەتوانن هەر بەو پیلانەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و دەسەڵاتی کوردی کۆتایی پێببەخشن، بەڵام ئەوان بێ ئاگابوون لەوەی کە هەموو چەک و مەشق و هێزی دنیا ناتوانێ ئیرادەی ڕۆحی پێشمەرگەیەکی تفەنگ بەدەست بڕوخێنێت، چونکە خۆشەویستیی نیشتمان و کەرامەتی نەتەوەکەی ئامانجی بەرگری کردنێتی و شەهیدبوونی دەکاتە سەنگەری پاراستنی وڵات. گەلی کوردستان هەرگیز خواستی جەنگ و وێرانکاری نەبووە، بەڵام بەداخەوە بە دڕێژایی میژوو جەنگ بەرۆکی کوردی بەرنەداوە، بەڵام جیاوازیی کورد لەگەڵ هەر نەتەوە و دەسەڵاتێکی تر ئەوە بووە کە ئێمە لەپێناوی پاراستن و بەرگریی لە خاک و خەڵک و نیشتمان لە جەنگی بەرگریدا بوویەنە، هەرگیز نەداگیرکار بوویەنە و نەزۆردار و پیلانگێڕی وێرانکاری.

داستانەکانی سحێلا و تلسقۆف و پردێ و مەحمودییە و ناوچەکانی تر جارێکی تر پێشمەرگەی لە سەنگەری بەرخودان و سەرکەوتندا وێناکردەوە، ڕاستە ماوەیەکی زۆر نەبوو پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعشدا سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە شەڕی دژ بە داعشدا هاوپەیمانان هاوکارمان بوون، جگە لەوەش داعش چەکی مۆدێرن و هێزی مونەزەمی مەشقپێکراوی نەبوو، بەڵام لە شەڕی دژ بە چەکدارانی عێراق پێشمەرگەی کوردستان تەنها خۆی بوو، هەربۆیە جێی سەرسامی و بایەخی نێودەوڵەتی بوو، داستانی پردێ و سحێلا و مەحمودییە وەرچەرخانێکی میژوویی بوو لە خەباتی نەتەوەیی کورد.

ئەگەر لاپەرەکانی میژووی کورد هەڵبدەینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کە پێشمەرگە وەک پاڵەوانێکی سەرسەختی نێو داستانەکانی قارەمانێتی ڕۆڵی هەرە مەزن و فیداکارانەی بینیوە، هەرگیز لەپێناوی هیچ بەرژەوەندییەک دەستبەردار ئامانجی پاراستنی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کورد نەبووە. هەڵبەتە ئەم فیداکارییە لە ڕەوشت و پەروەردەی پارتیزانی و کوردایەتیدا یەک لە خەسڵەتە هەرە بەرزەکانی پێشمەرگە بووە، هەر بۆیە کورد بە گشتی و دۆستانی کورد بە تایبەتی لەناوهێنانی پێشمەرگەدا هەستی شانازی و لەخۆبوردەیی و سەربەرزییان بۆ دروست دەبێت. پێشمەرگەی کوردستان لە داستانی پردێ و سحێلا و تلسقۆف و مەحمودییە و ناوچەکانی تر بە لەناوبردنی پیلانی دوژمنانی کورد لەناوەوە و دەرەوە جارێکی تر میژوویەکی پرسەروەری بۆ کورد تۆمار کرد، لە کاتێکدا ئامانجی دوژمنانی کورد لەناوبردنی دەسەڵاتی کوردی و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام ئەو هەوڵە جگە لە شەرێکی دۆراو نەیتوانی هیچ ئامانجێک بپێکێت.

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



14

مانپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

جیاکەرەوەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005

لەبەر ئەوەی کوردستان هەرێمێکی فیدرالی دەوڵەتی عێراقە، پێویستە لە کاتی نووسینەوەی دەستووری کوردستان ڕەچاوی هەموو مادە و برگەکانی دەستووری فیدرالی بکرێت، چونکە نابێت هیچ مادە و برگەکانی دەستووری کوردستان پێچەوانەی بنەماکانی دەستووری فیدرالی عێراق بێت.

بۆ ئەم مەبەستە بە گرنگ دەزانم باسی هەندێ لە جیاکەرەوەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەین کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، وە لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی 2005 لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە بە بەژداری هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە شێوەیەکی دیموکراتی نوسرایەوە، دواتریش بە دەنگدانی نەێنی هەموو هاوڵاتیانی عێراق ڕاپرسییان لەسەر کرد بە دەنگی زۆرینەی گەلی عێراق پەسەند کرا. بۆیە بە پێویست دەزانم جیاکەرەوەکانی ئەم دەستووره بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەمەوە:

یەکەم: دەستوورێکی هەمیشەییە: ئەم دەستوورە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1920دووەم دەستووری هەمیشەی عێراقە، چونکە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی 1958تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی 2003 هەموو دەستوورەکانی عێراق، واتە (دەستوورەکانی ساڵی 1958و 1963و 1964و 1968و 1970) تا ساڵی 2003 هەموو ئەم دەستوورانەی عێراق دەستووری نەرم و کاتی بوون، کە زۆربەیان لەلایەن ئەنجومەنی بەناو شورش(مجلس قیادە الپورە) نووسراونەتەوە، بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ بنەمایەکی دیموکراتی. هەروەها بەبێ ڕەچاو کردنی ماف و ئازادیەکانی تاک و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، چونکە ئەم ئەنجومەنە دەسەلاتی جێبەجێ کردن بوو لە هەمان کاتدا شۆینی دەسەلاتی یاسادانانی گرتبووە.

دووەم: عێراق وڵاتێکی کۆماری دیموکراتی نوێنەرایەتی پەرلەمانییە: لە مادەی یەکەمی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە (کۆماری عێراق وڵاتێکی فیدرالی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و یەکگرتوو(فیدرالی)یە، سیستەمی دەسەلات تێدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراتییە. ئەم دەستووره زامنی یەک پارچەی عێراق دەکات). تەنانەت لە مادەی (4)ی یاسای بنەڕەتی عێراقیشدا لە ساڵی 2004 هاتووە: (سیستەمی دەسەلات لە عێراق کۆماری فیدرالی دیموکراتی فرەحزبی (تعددی)یە. کەواتە ئەم مافانە لە دەستوورەکانی تری عێراقدا بوونیان نەبوو.

بەپێی مادەی یەکەمی دەستوور تا ڕادەیەک بوار بە هەرێم دراوە تا پەیڕەوی ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات، لە هەمان ئەم مادەیەدا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ کراوە کە دەڵێت: (ئەم دەستووره زامنی یەکپارچەیی عێراقە)، کەواتە ئەم برگەیە ئاماژە بەوە دەکات هەر کاتێک حکومەتی عێراق تاکەڕەوی و نادادپەروەری و پێشێلی دەستووری کرد هەرێم ئازادە لە بریار دان لە سەر دیاری کردنی چارەنووسی خۆی. بەڵام لەکاتێکدا حکومەتی عێراق پێشێلی دەیان ئەم دەستوورەی کرد و ئاماده نەبوو دان بە ریفراندوم و سەربەخۆی کوردستاندابنێت.

سێیەم: دابەشکردنی لە بەژدار بوون لە سوپادا: لە برگەی یەکەمی مادەی نۆی دەستووری عێراقدا هاتووە: (هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت، بە ڕەچاو کردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنیان بەبێ جیاوازی یان بەبێ دوور خستنەوەی هیچ لایەنێک. هەروەها سوپا لە ژێر سەرۆکایەتی مەدەنیدا دەبێت، بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەک بو داپلوسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە ناو کاروباری سیاسییەوە و هیچ ڕۆلێکی لە ئالوگۆر کردنی دەسەلات نابێت). هەروەها لە مادەی 5ی یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی 2004دا بو قوناغی ڕاگوزەر (مرحلە الانتقالیە) جەخت لەم مافانە کردیتەوە.

لە ڕووی دەستوورییەوە ئەم مادەیە بو هەرێمی کوردستان مادەیەکی زور گرنگە، ئەگەر پێشێل نەکرێت.

بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەدا هەمیشە حکومەتی عێراق بە زەبری هێز کوردی سەرکوت کردووە و لە هەموو ماف و ئازادییەکان بێبەش کردووە و تەنانەت لە سەرەتایترین ماف و ئازادی تاک. ئێستا لەم دەستووردا هاتووە دەڵێت سوپا لەژێر سەرکردایەتییەکی مەدەنیدا دەبێت کە ئەمە خاڵێی زور گرنگ و ئەرێنییە، هەروەها دەڵێت سوپا دەست وەرناداتە ناو کاروباری سیاسییەوە و ڕۆلی لە ئالوگۆڕ کردنی دەسەلاتدا نابێت، کەواتە ئەم مادەیە پالپشتە بو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی لە وڵاتدا، بەتایبەتی بو دەستەبەر کردنی هەموو مافە سیاسییەکان. بەڵام زور بەداخەوە لەبەر هزری شۆڤینی عەرەبی و شیعەگەری لە وڵاتدا سەرکردەکانی عێراق بە دەیان مادەی ئەم دەستووره پێشێل کرد و لە کاتی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەری ساڵی 2017دا بەتەواوەتی پێشێلی ئەم مادەیە کرا و بە تانکی ئەبرامزی ئەمریکی هێرش کرایە سەر هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە.

چوارەم: دوو خالی نەرێنی لەم دەستووردا هەیە یەکەمیان: دەبوو مادەیەکی سەربەخو لەم دەستووردا جێگیر بکرێت کە تێدا ئاماژە بەوە بکرێت هەر کاتێک حکومەتی فیدرالی پێشێلی ئەم دەستووره بکات، ماف بە هەرێم بدات داوای سەربەخۆی بکات و بریار لە مافی چارەنووسی خۆی بدات. هەرچەندە لە مادەی یەکەمدا دەڵێت ئەم دەستووره زامنی یەک پارچەیی خاکی عێراقە، بەڵام ئەم برگەیە ڕاقەکردن هەڵدەگرێت، بۆیە دادگای بالای فیدرالی لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەر بریاری نادەستوورییونی ریفراندومی دا. دووەم: تێپەڕاندنی یاسا و بڕیارە چارەنووس سازەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە زۆرینەیە، کەواتە لە عێراقدا هەمیشە کورد کەمینەیە لە چاو هەردوو پێکهاتەی تر، بۆیە دەبوو بو دەرکردنی هەر بڕیارێکی چارەنووس ساز کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت بە ڕێکەوتن بێت نەک بە زورینەی ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی هیچ پێکهاتەیەک نەتوانێت پێشێلی مافەکانی پێکهاتەی تر بکات. بو نمونە دەبوو ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی دروست بکرێت کە لە سێ کەس پێکبێت و ئەم سێ کەسە نوێنەرایەتی هەرسێ پێکهاتەکانی عێراق بکەن. لە هەمان کاتدا هەرێک لەم ئەندامانە مافی ڤیتوی هەبێت.

پێنجەم: ئازادی بیرورا و ئازادی بڵاوکراوە و چاپەمەنیەکان: لە مادەی 38ی دەستووری عێراقدا باس لە ئازادی بیرو را و ئازادی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی لە وڵاتدا دەکات کە بەم شێوەیە: (دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بەمەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی. یەکەم: ئازادی را دەربرین بە هەموو شێوەکان. دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپ کردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە. سێیەم: ئازادی کۆبونەوە و خۆ پیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێک دەخرێت.). هەموو ئەم بنەمایانە خاڵی ئەرێنی و باشن بو دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانی تاک، بەڵام ئەوەش لەبیرمان نەچێت لە سەرەتادا دەڵێت: بەمەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی، چونکە ئەم برگەیە ڕاقەکردنی زور هەڵدەگرێت بەتایبەتی بو کۆمەڵگایەکی وەک عێراق، کە پێکهاتووە لە پێکهاتە و ئایین و نەتەوەی زور و جیاواز لەیەکتری، بۆیە هەر نەتەوە یان ئاینێک یاسا و ئاداب و داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە.

هەروەها لە مادەی چوارەی ئەم دەستووردا گرنگی زۆری بە یەکسانی هاوڵاتیان داوە لە بواری زماندا کە دەقەکەی بەم شێوەیە:

مادەی 4: (یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێر کردنی ڕۆلەکانیان بە زمانی دایک وەک تورکمانی و سریانی و لە دەزگاکانی فێر کردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێر کردنی تایبەتدا.

دووەم:سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی داری دەکرێت، چونیەتی جێبەجێ کردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خالانە دەگرێتەوە:

ا- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسە کردن و وتوێژ و دەربرین لە بواره فەرمیەکاندا لە هەر یەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- دانان بە بەلگەنامە فەرمیەکان و ئالوگور کردنی نامە و دەرکردنی بەلگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمان بە پێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ- هەر بواریکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بگرێتەوە، وەک پارە و پاسپۆرت و پول.

سێیەم: دامو دەزگا فەرمیەکانی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکار دێنن.

چوارەم: زمانی تورکومانی و سریانی دوو زمانی فەرمیترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە کە تێیدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بریاریان لەسەردا).

دەڵێت: (ئەم دەستووره زامنی یەکپارچەیی عێراقە)، کەواتە ئەم برگەیە ئاماژە بەوە دەکات هیچ کاتێک حکومەتی عێراق تاکەڕەوی و نادادپەروەری و پێشێلی دەستووری کرد هەرێم ئازادە لە بریار دان لە سەر دیاری کردنی چارەنووسی خۆی. بەڵام لەکاتێکدا حکومەتی عێراق پێشێلی دەیان ئەم دەستوورەی کرد و ئاماده نەبوو دان بە ریفراندوم و سەربەخۆی کوردستاندابنێت.

سێیەم: دابەشکردنی لە بەژدار بوون لە سوپادا: لە برگەی یەکەمی مادەی نۆی دەستووری عێراقدا هاتووە: (هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت، بە ڕەچاو کردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنیان بەبێ جیاوازی یان بەبێ دوور خستنەوەی هیچ لایەنێک. هەروەها سوپا لە ژێر سەرۆکایەتی مەدەنیدا دەبێت، بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەک بو داپلوسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە ناو کاروباری سیاسییەوە و هیچ ڕۆلێکی لە ئالوگۆر کردنی دەسەلات نابێت). هەروەها لە مادەی 5ی یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی 2004دا بو قوناغی ڕاگوزەر (مرحلە الانتقالیە) جەخت لەم مافانە کردیتەوە.

لە ڕووی دەستوورییەوە ئەم مادەیە بو هەرێمی کوردستان مادەیەکی زور گرنگە، ئەگەر پێشێل نەکرێت.

بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەدا هەمیشە حکومەتی عێراق بە زەبری هێز کوردی سەرکوت کردووە و لە هەموو ماف و ئازادییەکان بێبەش کردووە و تەنانەت لە سەرەتایترین ماف و ئازادی تاک. ئێستا لەم دەستووردا هاتووە دەڵێت سوپا لەژێر سەرکردایەتییەک

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کەورکوسک ژمارەی پسوولە ٠١١٠٥٠٤ بەبری ٦٠٠٠٠ بەناوی محمد فاروق ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤١٩٥١٠ بەرواری: ٢٠١٩/٤/٢٣ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نجم الدین قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢٦٧٢ بەرواری: ٢٠١٩/٧/٣٠ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی توانا عبدالکریم رحمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦١٠٧٨ بەروار ٢٠١٩/٧/٧ بەبری ٧٩,٥٠٠,٠٠٠ بەناوی سوی محمد محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٦) هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٧٧٦١ بەروار: ٢٠١٩/٩/٢ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی حسین ملا عسی/ اراس عبدالعزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار تسلسل ٢٩٣ محلة((طويله)) الى طالب التسجيل ((رئاسة بلدية طويله)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٦ / ٦ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذاالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة

القاضى / شه ونم محى الدين غفار

***

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/٨٠٩/تنفيذ/ ٢٠١٩

التاريخ/ ٢٠١٩/١٠/٢٤

اعلان

الى المدين/ كوڤان قاسم اڤدل

العنوان السابق/ زاخو ستێر

نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة سيالكا المرقم (٣٤٨٢) فى ٢٠١٩/١٠/١٠ و اشعار مختار محلة (ستێر) عليه و بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين للحضور امام مديريه تنفيذ زاخو او من ينوب عنك قانونا و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك فى الاضبارة التنفيذية المرقمة العدد ٨٠٩/ تنفيذ/٢٠١٩، و الخاصة بالدائن (جانگير مصطو جانگير) و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة (١٥) خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

***

محكمة المواد الشخصية ئاكرى

العدد/٩/مواد شخصية/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/١٠/٢٨

الى المدعى عليه (مايكل يوسف جبو)

ب/اعلان

اصدرت هذه المحكمة في دعوى المواد الشخصية المرقمة اعلاه حكما غيابيا بحقك جاء فيه تثبيت الطلاق الخارجي الذي اوقعته بتاريخ ٢٠١٩/٤/١ في الكنيسة الشرقية القديمة بحق زوجتك المدعية (داليدا انور ناصر) وبما ان الحكم قد اصدر غيابيا بحقك عليه قررت هذه المحكمة نشر الحكم المذكور في جريدتين محليتين يوميتين بحيث يحق لك الاعتراض والتمييز على الحكم المذكور خلال المدة القانونية وبعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق الاصول

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

محكمة المواد الشخصية ئاكرى

العدد/١٠/مواد شخصية/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/١٠/٢٨

الى المدعى عليه (مايكل يوسف جبو)

ب/اعلان

اصدرت هذه المحكمة في دعوى المواد الشخصية المرقمة اعلاه حكما غيابيا بحقك جاء فيه تثبيت حضانة ابنتك المدعوة (اولكا) الى والدتها المدعية (داليدا انور ناصر) وبما ان الحكم قد اصدر غيابيا بحقك عليه قررت هذه المحكمة نشر الحكم المذكور في جريدتين محليتين يوميتين بحيث يحق لك الاعتراض والتمييز على الحكم المذكور خلال المدة القانونية وبعكسه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق الاصول

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٤

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عبدالرزاق حمید حمود ٤٠٪ و فراس عبدالرزاق حمید ٤٠٪ و زیدون عبدالرزاق حمید ٢٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (رێگای گەزنە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت

تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- میکسەری تێکەڵ کردنی مواد ژمارە/ R١١٦٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥. ٦ طن.

٢- خەزانی موادی بەلمەن ژمارە/ R١٣٨٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥. ٥ طن.

٣- میکسەری تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ R١٢٧٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥. ١٠ طن.

٤- فلتەری تەصفیەکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥.

٥- بۆیلەر حراق بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٦- دوو چلەری ساردکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٣/ خەزانی ئاو

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٧٨٩٢
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (S.F.A.J) بۆ خزمەتگوزاری کۆگاکردن و داگرتن و دابەشکردن /سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٧٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریامدا بە: سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٨٨٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TALENT CAREER) بۆ دابینکردنی خۆراك و پاککردنەوە/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٧٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریامدا بە: سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (سید اڤا) بۆ (پیشەسازی روون وبازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / نیوار رمضان طیب
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٧٠٣٠٣١٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٨٧٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سەرێ Saree) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٨٣٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رێدین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٣٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (BIG بیگ)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (BIG بیگ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سامان عثمان مصطفی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (BIG بیگ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ژیلەمۆ) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/ بەوەکالەت

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٣
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ازمر انور فرج) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای بەستۆرە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- بۆیلەری هەڵم و بوخار بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤,٥ K.W + K.W٥.
٢- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی ژمارە/ YSCO-٢٢ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥.
٣- چلەری ساردکردنی ئاو ژمارە/S-١٥-٢٠ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥ دووتانکی.
٤- ژمارە/ CS١٠٨-٢٠١٩ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٥- میکسەری ٧٠٠٠ لتری ژمارە/ ٣١٠٩٥٨٠٥ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥ تێکەڵکردن.
٦- هامۆژنی شوشتنی ناو بۆڕی ئامێرەکان ژمارە/ PS١١٤-٢٠١٩ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٧- ئاشی هارینی شیر ژمارە/ ١٦BN-٨٦ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٠.
٨- ٣ میکسەری ٢٥٠٠ لتری ژمارە/ ٩٦٠١٤.٣L+٩٦٠١٥.٣L+٩٦٠١٦.٣L مۆدێل ٢٠١٨ توانای ٤,٥*K.W٣.
٩- میکسەری ٧٠٠٠ لتری ژمارە/ ٢L٩٦١٠٨ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
١٠- تێکردنی ماست بۆ ناو قوتی ژمارە/ ٣٠٥٢٠١٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
١١- سێ کۆمپرێسەری هەوایی بەستان و ساردکردن بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ توانای ١٥*K.W٣ فابرێتەر و کۆنتێنەر و کۆگای خەزن.
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٣
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای یومی ب.ڕ.ك/ حاجی مصطفی زبێر) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- تێکردنی ماست چوار چاوەیی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٥. sp١١٨-٠٠٢ ١٥ دانە.
٢- حەوت میکسەری تێکەڵکردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ + K.W٥.
٣- هێلی تەواوی دروستکردنی ماست سێڤن ژمارە/ ١٧٠١٠٢ دروستکراوی تورکی توانای K.W٢٠. ١٥/١٥٦٠/١٥٦١ ١٥٥٩/١٥٥٦/١٥٥٥/١٥٥٨/٥٧.
٤- تێکردنی ماست بۆ ناو سەتل دووچاوی ژمارەp٧/ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W٥.
٥- هێلی تەواوی دروستکردن و تێکردنی ماست ٥٠ غرامی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ توانای K.W٢٠.
هێلی تەواو.
٦- چوار دانە تێکردنی ماست چوارچاوەیی ٧٥ ملمی دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٣ توانای K.W٣. ٢٠١٣-AD٧٥-٠٠٧ سێ یەم ژمارە/ ٢٠١٧MYD١١٨/ چوارەم/ ٢٠١٦LD٢٠٠-٠٠١ / ٢٠١٦-AD٩٥-٠٠١.
٧- مطحەنەی هەلاندنی شیر ژمارە/ HM-١٧٠٧١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٧.
٨- بەستەرەی تەعقیم کردن ژمارە ١٥٦٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٨٦١/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٨٦١) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٤١٣٣٤٩ – هەولێر تایبەت) جۆری (نیسان سنی صالون) مۆدێل (٢٠١٦) ڕەنگی (سپی) قەرزار (گوران خضر کریم) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفڕۆشێت لەجیاتی قەرزی (حسین عبدالواحد حسین) کە بڕی (٢٤,٠٠٠,٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
* * *
کۆلێژی زمان/ بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان خوێەتی
ژمارە: ٢٠٧٦/٢/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٤
بۆ بەڕێز/ (د. رشوان رمضان صالح)
بەناونیشانی (مامۆستا) لەسەر میلاکی کۆلێژەکەمان/ کۆلێژی زمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دەست بەکارنەبوونت دوای لەکاردابڕانت بەپێی فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە (١٨٤١/٢/٤) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢) تاوەکو ئێستا داوات لێ دەکەین بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت، دەست بەکاربیتەوە بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێت بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراو مادەی (١٦) خاڵی یەکەم, کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
پ.ی.د. عاطف عبدالله فرهادی
ڕاگری کۆلێژ
* * *
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ٢٤٩/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ڕەوند علی محمد)
ئامازە بە داوای ژمارە ٢٤٩/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (شیداء اسعد عمر) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٢ بریاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) وە لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (شیداء اسعد عمر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تورەق بریار درا بە پێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایت هەیە لەماوەی (١٠) ڕۆژ لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
* * *
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٦ / م / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٣
جاردان
بۆ داوالێکراو/ نور عصام یعقوب
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (وسام یعقوب میخا) داوای ژمارە (٦ / م / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێدا داوای (بطلان زواج) دەکات ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٠ بریاری کۆتایی بەپاشمەلە دەرکرد بە پابەندکردنت بە (پەسندکردنی بطلان زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری جێبەجێکردنی هەولێر بریاریدا پێراگەیاندنت بە بریارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی
ژمارە : ٤٥٨٦
ڕێکەوت : ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە (٢٥٠) لە بلۆکی (٩) لە گەرەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە تاکو ماوەی (٣٠ سی ڕۆژ) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسوولەیە هەیە سەردانی شارەوانیبان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
کاوە نجیم عبدالله
سەرۆکی شارەوانی سۆران_بە وەکاڵەت
* * *
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٠٩/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٧/ ١٠/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : نیکار رحمان زاده
ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٨٠٩/ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (١٥/ ١٠/ ٢٠١٩) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (شفان حسن علی) ل ٢٠١٩/٩/٢٠ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامییێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٥٢/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٨/ ١٠/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراوێ : دریا حسن عمر
ل دیف داخوازیا داواکار(جهاد ناصر جادر) ول کێشا ژمارە (٨٥٢/ش/٢٠١٩) تێدا داخوازیا پەسەندا مارابرینا دەرەکی دکت د ناف بەرا تە وپدا ل رو ژا (٢٠١٣/٥/١٥) وداخوازا گەهاندنا رەها کورێ ناکام (باران) بوتە وبووی یێ ژ دایك بوی ل (٢٠١٤/٦/١) جهێ بوونا وی (استنبول – ترکیا) وداخوازا پەسەندا تەلاقا وی یادەرەکێ ژتە یا ل روژا (٢٠١٥/٤/١٠) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (٣٦٣١) ل (٢٠١٩/١٠/٢٣) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سپیریز) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامییێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ئێ دادگەهێ ل ڕوژا (٦/ ١١/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە
ژمارە/ ٧٢٠٧/٢٤/٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
بۆ بەڕێز/ هەڕێم عبدالرحمن ناریان
بەناونیشانی(شوفێری/٢) لەسەر میلاکی زانکۆمان/ فەرمانگەی کارگێری و دارایی
بابەت/ دوا ڕاگەیاندن
بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لە بەرواری (١٦/ ١٠/ ٢٠١٩) وە نەگەڕانەوەت بۆسەر کارەکەت بەبێ ئاگادار کردنەوەی سەروی خۆت پێت ڕادەگەیەنین پێویستە دەست بەکار بیتەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وە لەماوەی(٣٠) سی ڕۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەکار هەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی بڕگەی(٢) دوو لەمادەی(٣٧) سی و حەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی(١٩٦٠) ی هەموارکراو.
پ. د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ
* * *
دەرفەتی کار
سەنتەری (هیرۆ بۆ تاتۆ و ئێکستینشن) پێویستی بە کارمەندێکی ئافرەت ئەف کوژمێ پارەی بو خو راکریە بێ چ نەمایێت یاسایی ویا هاتیە دیارکرن لدیف بریارا ژمارە ١٨٣/ج/٢٠١٩ ل دادگەها تاوانا دهوك/٢ ئەفجا داواکاران داوا ڤی کوژمێ پارەی ل سەری دیارکری دکەن ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢٠ بۆیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو ڕوژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١١/١٠ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٣٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (مهند حسن محمد الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکاران (١- سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢- عبدالله احمد عبدالرحیم) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارەی کوژمێ (٣٤٠٠٠٠) سێ سەد وچل هزار دولار کو دبیتە (٤٠٨٠٠٠٠٠٠) جار سەد وهەشت ملیون دینار پارێ هاتیە خەرج کرن بو ئافاکرنا خانیێ زجاجی ب جوداهیەکا مەزن ژوان بهایێ هاتیە تکلیف کرن ویا هاتیە دیارکرن لدیف بریارا ژمارە ١٨٦/ج/٢٠١٩ ل دادگەها تاوانا دهوك/٢ ئەفجا داواکاران داوا ڤی کوژمێ پارەی ل سەری دیارکری دکەن ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢٠ بۆیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو ڕوژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١١/١٠ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٣٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (مهند حسن محمد الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکاران (١- سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢- عبدالله احمد عبدالرحیم) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارەی کوژمێ (٣٤٠٠٠٠) سێ سەد وچل هزار دولار کو دبیتە (٤٠٨٠٠٠٠٠٠) جار سەد وهەشت ملیون دینار پارێ هاتیە خەرج کرن بو ئافاکرنا خانیێ زجاجی ب جوداهیەکا مەزن ژوان بهایێ هاتیە تکلیف کرن ویا هاتیە دیارکرن لدیف بریارا ژمارە ١٨٦/ج/٢٠١٩ ل دادگەها تاوانا دهوك/٢ ئەفجا داواکاران داوا ڤی کوژمێ پارەی ل سەری دیارکری دکەن ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ شاخکێ ل دهوك ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢٠ بۆیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو ڕوژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١١/١٠ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* *
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد / ٢٤١٧/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٢٤١٧/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع المنقول السيارة BMW صالون المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري الاوصاف :
رقم الاضبارة ٢٤١٧/ت.د/٢٠١٩
النوع BMW صالون موديل ١٩٨٩
الرقم ٣٥٨٨٩ اربيل خصوصي
اللون احمر
القيمة المقدرة (٣٢٤٠٠٠٠) ثلاثة ملايين ومائتان واربعون الف دينار عراقي
المنفذ العدل
بدران عبدالرحيم حاجي
* * *
٣- فرێزەی نەقش کردنی دار ژمارە/ ٠٨١٢٠٠٥ دروستکراوی نەمساوی مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٧٥.
٤- سمپارەی دار لوسکردن ژمارە/ ٦٧٨٦ دروستکراوی نەمساوی مۆدێل ٢٠٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
٥- ئامێری دەبل و ڕەندە ژمارە/ ٣٧٣٢ دروستکراوی نەمساوی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢. ئامێری تۆز ڕاکێشان.
٦- پرێس کەپسکردنی دەرگا ژمارە/ ٣٧٣٣ دروستکراوی نەمساوی مۆدێل ٢٠١١ توانای بەدەست کارەکات.
٧- کەتەری برینی عدل و زاویە ژمارە/ ٣٧٣٤ دروستکراوی ئەلمانی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.
٨- ڕبۆتی پال پێوەنانی دار بۆ بڕین ژمارە/ ٣٧٣٥ دروستکراوی نەمساوی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
بریاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێتی تایبەت بە مولکی زنجیرە ٢١٤ لە گەرەکی (عرب) لە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەدە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی نادر حمد حسن بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەدە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خا و ە ند ا ر یە تی
دادوەری بەرایی/ مجید سعید برادۆستی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
بریاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێتی تایبەت بە مولکی زنجیرە ٢١٤ لە گەرەکی (عرب) لە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەدە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی نادر حمد حسن بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەدە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خا و ە ند ا ر یە تی
دادوەری بەرایی/ مجید سعید برادۆستی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٨٠١ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٩
پێراگەیاندنی گلدانەووەی بەردەوامی سامانە نەگوێزراوەکان
بۆ / قەرزار (نصرت خورشید محمد)
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە لەڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆوە پێتان ڕادەگەیەنین بریاردرا کە دۆسەی (کۆمپانیای قسیل/ بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی - سنوردار) ئێوە نیشانەی گلدانەوە لە سەر دابنریت لە باتی بری (٣٦٤٦٧٥٠) سێ ملیون وشەش سەد وچل وشەش هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار قەرزی (ریکیش بایز جاسم) پێویستە ئەو پارەیە لە ماوەی (١٠/دە) ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندنتان بدەن دەنا سامانە گلدراوەکەتان بە پێ ی ئەم بریارە وپشت بە مادەدە (٦٩) لە یاسای جێ بەجێ کردن دەفرۆشرێت
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٣٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (مهند حسن محمد الرمضان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکاران (١- سەروکێ زانکویا نوروز زێدەباری کاری وی ٢- عبدالله احمد عبدالرحیم) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارەی کوژمێ (٣٥١١٧٥) سێ سەد وبینجی وئیك هزار وسەد وحەفتێ وبینج دولار کو دبیتە (٤٢١٤١٠٠٠٠) جار سەد وبیست وئیك ملیون وجار سەد وده هزار دینار پارێ مای زێدەکری ژ پروژێ ئافاکرنا کولیژا زانستێن حاسباتا ل زانکویا نوروز دهوك وتە

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/29 ژمارە (5859)
خەبات



ئافرەتانی لوبنان دکر دەکەن..

پیاوەکانی عێراقیش شەڕ دەکەن..




غازی حەسەن

خۆپیشاندانەکانی لوبنان پێی ناوەتە هەفتەی دووەم، خۆپیشاندانەکانی عێراقیش سەری لەچەند مانگ و ساڵ داوە، دوو خۆپیشاندان و دوو شەقامی هەمیشە بەکێشە، کە هەر یەکەیان بەشێوەیەک لەشێوەکان وابەستەی ژمارەیەک هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تایفی و شێوازی بەرێوەبردنی هاوشێوەن، بەڵام لەدوو ئاستی ڕۆشنبیر جیاواز، سەرباری دەستوەردانی دەرەکی و ساخکردنەوەی ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەنێو هەردوو وڵاتدا.لە لوبنان ئافرەتان دکر دەکەن، شەقامیان داگیرکردووە و بەشێوازی هەمەجۆر بەشداری لەخۆپیشاندانەکان دەکەن و ڕۆژانە بەچالاکی و تەکتیکی هەمەجۆر لەنێو گروپتیندا، شەقام گەرمتر و گەنجان بەتاو و تینتر دەکەن، بۆ ئەوەی گوشارەکان دژی دەسەڵاتی لوبنانی کاریگەرتر بن.



بەشی دووەم وکۆتایی

دوور نییە بەشێکی خۆپیشاندانەکان بەفیت و هاندان و ناڕاستەوخۆ بەشداری ئەو بەڕپرسانەشەوە بێت، کە پێشتر وەکو سەرچاوەی قەیرانەکان کاریان کردووە. هەموو سیاسییەکی ڕۆژهەڵاتی هەتا دەمرێت چاوی لەدەسەڵاتە، هەرچەندە گەندەڵکاریش بێت، چونکە یاسا لەخۆی نزمتر دەبینێت، بەردەوام کار بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵات دەکات. لوبنان نزیکەی نیو سەدەیە هەر ئەوانە لەدەسەڵاتن و ناوەندی بڕیار و کارەکتەری سەر شاشە و نێو ڕاگەیاندن، کە سەرچاوەی قەیران و کارەسات و کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی تایفی وڵاتەکەن.لە عێراقیشدا هەر ئەوانە سیاسەت دەکەن و لەنێو بڕیارەکاندان، کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوکمیان گرتۆتە دەست، هەندێکیان سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئەو کێشە و گرفتانەن، کە ئەمڕۆ خەڵک لێیان ناڕازیە، بەڵام ئامۆژگاری خەڵک و حکوومەت دەکەن، وەکو ئەوەی نەبایان دیبێت و نەباران. خۆپیشاندانەکانی بەغدا و ناوچەکانی تر، پەیوەندییان بەکێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەڵادەستی تایفی و شۆڕبوونەوەی گەندەڵی بۆ نێو هەموو بواریک و نەبوونی خزمەتگوزاری و پەرەسەندنی بێکاری و فراوانبوونی دەسەڵاتی گروپە چەکدارەکان و لاوازبوونی دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەت و کارابوونی ڕۆڵی دامەزراوە ئایینی و حزبی و عەشایریەکان هەیە. عەبدولمەهدی ڕایگەیاندن دەستکاری کابینەکەی دەکات و گەنج دەهێنێت و دانان لەسەر بنەمای توانا دەبێت نەک ئینتمای سیاسی، یاسا دژی گەندەڵکارە دیوەکان دەردەکات و چارەسەر دەستبەسەرداگرتنی مولک مالی گشتی و کەمکردنەوەی موچەی پلە بالاکان دەکات و گروپە چەکدارەکانیش نابێت حزبی سیاسییان هەبێت، دەمێکە ئەو سیاسەتە هەیە، بەڵام دەرفەت و زەمینە و خواستی جێبەجێ کردنی نییە. لە لوبنان ئافرەتان حکوومەتیان ڕووتاندۆتەوە و بەزمێک بەحکوومەت دەکەن، کە دوور نییە ئافرەتان بەم شێواز و دەربڕینانەی ئەمجارەیان گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئابووری و سیاسی لە لوبنان دروست بکەن. ئافرەتان دەیانەوێت لەتبوون و دابەشبوونی تایفی و بالادەستی دەرەکی و ئاینی ڕەتبکەنەوە، ئابووری لوبنان قوربانی دەستی ململانێی سیاسی و تایفییە، خۆپیشاندانیش بۆ چاکسازی و چاککردنی دۆخی ئابووری و چارەسەری کێشەی ژیانی خەڵکە.لەعێراقیشدا هێزی ئەمجارەی خۆپیشاندانەکان هێزێکی شاراوەیە، ئەوانەی خەڵک دەکەنە نیشانە، لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەت تەقە لەخۆپیشاندەران دەکەن، حکوومەت دەیەوێت ژمارەیەک چاکسازی لەکابینەکەی بکات، بەڵام چاکسازی لەژێر گوشار ئەو ئاکامەی نابێت، کە دەسەڵات وەکو ئیرادەی سیاسی و یاسایی خۆی ئەنجامی دەدات، بەڵام هێزێک هەیە پێداگری لەسەر دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیران دەکات، هێزێک هەیە داوای گۆڕانکاری لەدەستوور دژی کورد دەکات، هەندێکیش پێیان وایە هەرێمی کوردستان لەڕووی دارایییەوە دەبێت چی دیکە پارەی پێ نەدرێت و هەندێکیش وا ئاراستەکراون، کە کێشە دارایەکانی خەڵکی خواروو پەیوەندی بەبودجەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. هەندێک دەڵێن ئەمەریکا بەناڕاستەوخۆیی لەپشت ئەم خۆپیشاندانەیە، دەگوترا ئەمەریکا لەپەیوەندی ئابووری عێراق لەگەڵ چین و نزیکبوونەوەی لەڕووسیا ترساوە، بۆیە دۆسیە و کێشەکان دەجوڵێنێت، لەکاتێکدا ئەمەریکا دەیەوێت لەڕۆژهەڵات بکشێتەوە، لەسوریا هێزە سەربازییەکانی کشاندەوە و پشتی لەکورد کرد، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی متمانە بەئەمەریکا لاواز بێت. هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەمە بۆ فەشەل پێهێنانی گوشارەکانی ئەمەریکایە دژی ئێران، هەندێکیش وای بۆ دەچن ئەمە خۆڕسکە و لەئەنجامی قوواڵبوونەوەی کێشە ناوەخۆییەکان هاتووە. خەڵکانێکیش وای دەبینن ئەمە ناڕەزایەتییەی ئەمجارە بۆ دژایەتی خۆسەپێنی و بالادەستی ئێرانە. لەڕاستیدا ئەم وڵاتە زلهێزانەی چاویان لەفراوانکردنی دەسەڵات و خۆسەپاندن هەیە، هەموو کارێکی نەکردە لەپێناو سەپاندنی سیاسەتی خۆیان دەکەن. ئایا کەس ناپرسێت پەیوەندی نێوان ڕووداوە دارماتیکی و خێراکانی سوریا و کورد و تورکیا و ڕووسیا چەندە پەیوەندییان بەخۆپیشاندانەکانی لوبنان و عێراقەوە دەبێت، کورد لەگەڵ مانەوەی عەبدولمەهدییە و سونەش ئەمجارە خۆی خستۆتە دەرەوەی بازنەی کێشەکان، لە سوریا کورد لەگەڵ ئەسەد هاوکاری مەیدانی سەربازیان دەستپێکردووە.لەکردەوەدا حکوومەتی میانڕەو، حکوومەتێک بەئاراستەی ئارامی و چاکسازی و چارەسەری کێشە قوواڵەکان بەپێی دەستور هەنگاو بنێت، ئاسان نییە بتوانێت لەنێو گێژاوی تووندوتیژی، بالادەستی سیاسەتی تایفی، هێزداری گەندەڵکاراندا بێ گرفت بێت، یان بتوانێت هەنگاوی یەکلاکەرەوە بۆ بەدیهێنانی چارەسەری بنەڕەتی و چاکسازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بهاوێژێت.دوور نییە لەکۆتایدا ئەم خۆپیشاندانانە ببنە هۆکار بۆ ئەنجام دانی زنجیرەیەک گۆڕانکاری، ببنە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە بەرەو حکوومەت و سیستەمی دیموکراتی مەدەنی پتر هەنگاو بنێن، بەڵام دیارنییە کێ سەرکردایەتی ئەم ڕەوشە دەکات، جۆر و دینامیک و ئەو هێزانەی سەرکردایەتی ئایندە لەدەست دەگرن، ئەوان بڕیار دەدەن، نەک ئەو خەڵکەی خۆپیشاندان دەکات، هەرچەندە ئێمە دەزانین پێکهاتەی لوبنان و عێراق پەیوەندییان بەمێژوو و کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەو پێکهاتانەوە هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە لە لوبنان بێ پەردەپۆش و بەنیمچە ڕووتی و بەشێوازێکی مۆدێرن وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لەنێو شەقامن، لەعێراقدا پیاو لەژێر پەردەیەکی نادیار و دەموچاوی پێچراو، وەکو هێزێکی ناڕازیی سیاسی و نادیاری کۆمەڵایەتی بەمتمانەی لەقەوە لەنێو شەقامە. لە لوبنان دەڵێن ئەمە شۆڕشە، لەعێراقدا دیار نییە هێشتا ناوی چی لێبنێن. گرنگ عێراق بەرەو تووندوتیژی دەچێت، بەڵام پێ ناچێت ئافرەتە نازدارەکانی لوبنان لێ بگەڕێن وەکو عێراقیان بەسەر بێت.



پێناسەی وڵاتان

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1936:
لە عێراق کودەتایەکی سەربازی لە لایەن بەکر سدقی ئەنجام درا.



سالی 1954:
دوای هەوڵێکی تیرۆرکردنی شکستخواردوو ، جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر گرووپی ئیخوان موسلمینی هەڵوەشاندەوە.



سالی 1956:
بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەناڵی سوێس ، هێزەکانی بەریتانیا و ئیسرائیل هێرشیان کرد سەر سینا.



سالی 2005:
لە نیودلهی پایتەختی هیند تەقینەوەیەک ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 60 کەس و بریندارببوونی سەدان کەس.



سالی 2015:
حکوومەتی چین دەستبەرداری سیاسەتی یەک منداڵ بوو.



سالی 2018:
لە نزیک دەریای جاوە، فڕۆکەیەکی ئیندۆنیسی بە 189 کەسەوە کەوتە خوار.

خەبات www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/29 ژمارە (5859)

پیلانگێڕی.. هەڕەشە لە دیموکراسییەت دەکات

ئارسەر پرۆکس

ئایا باوەڕت بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە؟ من بە شێوەیەکی گشتیی باوەڕم پێی نییە، دەشزانم چەندین پرۆسەی پەردەپۆشکردن، لە کەرتەکانی کار، حکوومەت و دامودەزگای ئایینی، بە ئاستێکی بااڵ کراون. بەاڵم وەکو بنەمایەکی گشتیی، پێم وایە زۆربەی تیۆرەکانی پیلانگێڕی، ئەو بنەمایە باوەی راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی، زبیگنیۆ بریجنسکی، پێشێڵ دەکەن کە دەڵێت:"میتۆوو زیاتر بەرهەمی پشێوییە، نەوەکو بەرهەمی پیلانگێڕی".



بەاڵم، هەرچەندە گومانیشم هەیە، کەچی پێم وایە، ئێستا پیلانگێڕییەک هەیە، کە لەنێوانی کەسانی بەهێز لە سیاسەت و راگەیاندن لە ئەمەریکادا دەکرێت، بۆ تەفرەدانی هەندێ ئەمریکی، ئەوانەی زیاتر تووشی مەترسی دێن. ئەوەی زانیان بە (بیرکردنەوەی پیلانگێڕی) ناوی دەبەن، لە ئەمەریکادا شتێکی تازە نییە. میتۆوونووس ریچارد هۆفستادتەر، لە ساڵی 1964دا، پێناسەی (شێوازی شێتی خۆ بەزلزانینی لە سیاسەتی ئەمەریکا) کردووە، لە وتارێکیدا، باسی تیۆرەکانی پیلانگێڕی لە رۆژەکانی یەکەمی کۆماریدا کردووە، سەبارەت بە فێڵە کۆنێدی، لە ساڵی 1963 بااڵوێکردووەتەوە، هەروەها 20%یشیان، پێیان وایە هێرشەکانی 11 سپتێمبەری ساڵی 2001، بە ویستی بەرپرسانی ئەمەریکا بووە، چونکە پلانیان بۆ ئەوە دادەنا، ئەمەریکا دەست لە رۆژهەاڵتی ناوەڕاست وەر بدات.

کەواتە لەبەرچی خەڵکی باوەڕ بە پیلانگێڕییەکان دەکەن؟ تیۆرەران لە بارەی وەاڵمەکەیەوە ناکۆکن، هەندێکیان دەڵێن، ئەو بیروباوەڕە، درزێکە لە گەشەکرد

پیلانگێڕی، بەشێوەیەک لە شێوەکان، دەبێتە بیرکردنەوەی هەڵە، کەواتە کێ وا دەکات ئەو هەاڵنە دووبارە ببنەوە؟ چەندین ساڵ بوو، هەستێکی بەر بااڵ هەبوو، بەوەی تیۆرەکانی پیلانگێڕی، بە شێوەیەکی تایبەت لەنێو پارێزگارەکان باو بوو، بەاڵم ئەو تێڕوانینە رەت کرایەوە. لە جیاتی ئەوەدا، تۆیژەران بۆیان دەرکەوت، ئەو کەسانەی متمانەیان بە کەسانی دیکە نییە، هەست بە نەبوونی

ئەوانەن کە الوازترین کەسانی نێو کۆمەڵگەکەمانن. ئەوانەش ئەو کەسانەن، کە لە ئەستۆی سەرکردەکانی ئەمەریکا-لە سیاسەت و راگەیاندن- دایە، یارمەتیان بدەن و لە تەفرەدان بیانپارێزن.

ئەو کەسانەی بانگەشە بۆ تیۆرەکانی پیلانگێڕی دەکەن، مەرج نییە قوربانیانی داماو بن. هەندێجار، لەاڵیەن

کەسانی بەهێزیشەوە، بیرۆکەی پیلانگێڕی بااڵ دەبێتەوە. لەوە رامێنە:"پێویستە ئەوەیان بەرهەمی پیلانگێڕییەکی گەورە بێت بە شێوەیەکی فراوان، بە جۆرێک هەموو پرۆژەیەکی پێشوو لە میتۆووی مرۆڤایەتی، لەچاویدا بچووک بێتەوە. پیلانگێڕیی لە کارێکی خراپ، رەش بە رادەیەک، کاتێک لە کۆتاییدا ئاشکرا دەبێت، ئەوانەی لێی بەرپرسیارن، شایستەی نەفرەتی هەموو کەسە بە شەرەفەکان دەبن". ئەوە وتەکانی سیناتۆری کۆماری، جۆزێف مەکارسییە لە ساڵی 1951دا، لەو کاتەی خەریکی رێگەگرتن لە ئەگەری دزەکردنی کۆمۆنیستەکان لە حکومەتی ئەمەریکا بوو.

مەکارسی، یەکێ لە بەهێزترین پیاوەکانی ئەمەریکا بوو. مەکارسی،خۆی وەکو داکۆکیکار لەو کەسانەپێشکەش کرد، کە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی پیلانگێڕی، لەاڵیەن بژاردەی چەپڕەوەوە، بەمەش لەاڵی جەماوەر، ترسی لە کۆمۆنیستی، بۆ گومڕاکردنی دوژمنکارانی سیاسیی و دووپاتکردنەوەی هەژموونی کەسایەتی خۆی نایەوە. بەکارهێنانی تیۆری پیلانگێڕی، لەاڵیەن مەکارسییەوە، بەخودی خۆی پیلانگێڕییە، لەاڵیەن کەسێکی بەهێزەوە، بۆ دەستکاریکردن بە هەڵە لە بیرکردنەوەی کەسانی داماو و بێبەش لە مافی دەنگداندا، بە بەکارهێنانی زانیاری نارِاست. ئەوەش بەرەو ئەو ژینگە سیاسی و پیلانگێڕییەی ئێستامان دەبات، کە رووبەڕووی ئەمەریکا دەبێتەوە: بااڵکردنەوەی تیۆرەکانی پیلانگێڕی، لەاڵیەن خودی بژاردەکانەوە. جەماوەرگەری لە راست و چەپ لە دەیەی رابردووەوە گەشەی کردووە، ئەوەش لەبەر نەمانی متمانە بە دامودەزگاکان، دەزگاکانی راگەیاندنی حزبی و جەمسەرگەری سیاسیی. گەشەکردن لەاڵیەن کەسانی بەهێز، لە سەرۆکەوە بۆ میوانان لە تۆڕی (MSNPC) بووەتە شتێکی ئاماەدە، چونکە پێیان وایە، سەرۆک یان هەر کەسێکی دیکە لە حکومەتەکەی، بەکرێگیراوی رووسیان! ئەنجامەکەشی هەڵقوواڵنی بەردەوامە، لە بیرکردنەوەی پیلانگێڕی، وەکو ئامرازێکی کاریگەریی دروستکردندا.

و: رەمزی میرەکانی

سەرچاوە:

www.alittihad.ae

مانشێت



سکای نیوز:
ئەو ئاگرە گەورەیەی چەند رۆژێکە لە باکووری ویالیەتی کالیفۆرنیا کەوتۆتەوە دەسەاڵتدارانی حکوومەتی ئەمەریکای ناچار کرد هەزاران خێزان لە کەرتی سۆنۆما بگوازێتەوە بۆ شوێنی دیکە.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە هۆی بارودۆخی کشمیر،حکوومەتی پاکستان رێگەی نەدا فرۆکەی سەرۆکوەزیرانی هیند بچێتە ئاسمانی والتەکەی.



ئیلاف:
سیاستیان بینیرای سەرۆکی سەرۆکی بڕیاری هەڵگرتنی بارودۆخی لەناکاوی لە والتەکەی دا کە ماوەی هەفتەیەک بوو بە هۆی خۆپیشاندانی خەڵک راگەیەنرابوو.



ئەی ئێف پی:
لە دوایین هەڵبژاردنی ناوخۆییدا کە لە ئەڵمانیا ئەنجام درا، پارتی بەدیل لە پێناوی ئەڵمانیای راستڕەو دەستکەوتی زیاتر وەدەست هێنا.



دۆیچە ڤیلە:
بۆ جاری یەکەم لە نزیک سەرێ کانی ، شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سووریا و تورکیا روویدا.



کەنالی ئار تی:
نانسی پیلۆسی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمەریکا ڕەخنەی توندی ئاراستەی تەرمپ کرد بەهۆی ئەوەی تەرمپ پێش کۆنگرێس هەواڵی دەستپێکردنی هەڵمەتی کوشتنی بەغدادی بە ڕووسیا راگەیاندووە.



10 ڕێنمایی بۆ پاراستنی هەنگ لە کەشوهەوای سارد



کەشوهەوا بەردەوام بەرەو ساردی دەڕوات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەنگ دەبێت. بۆ ئەوەی لە بەهاردا پووری هەنگێکی بەهێز هەبێت پێویستە ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکرێت:-

یەکەم- دڵنیابوون لە هەبوونی خۆراکی تەواو و پێویست لەناو پووردا بە هەردوو جۆری کاربۆهیدرات (هەنگوینی پێگەیشتوو) و پڕۆتین (دەنکە هەڵاڵە)، ئەگەر لە کاتێکدا خۆراکی تەواو نەبوو لە نێو پووردکەدا ئەوە دەکرێت بە خۆراکی زیادی پووردیەکی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە.

دووەم- باشتر وایە پووری بێهێز و لاوازەکان یان ئەوانەی شاهەنگیان نییە لێک بدرێن، ئەگەر پووری هەنگ ژمارەیەکی زۆر کارکەری گەنجی هەبێت توانای گەرمکردنەوەی پووردکەی دەبێت و کرداری زستانپۆش بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێت.

سێیەم- پەروازی بەتاڵ لە کەندوو دەردەهێنرێت و لە شوێنێک دادەندرێت تا کاتی پێویست لە وەرزی بەهاردا دوای ئەوەی کە تەعقیم دەکرێن.

چوارەم- پەروازەکانی نێو کەندوو ڕێکدەخرێنەوە بە شێوەیەک ئەوانەی گەرایان تێدایە بکەونە ناوەڕاست و ئەوانەی هەنگوین و دەنکە هەڵاڵەیان تێدایە لە تەنیشتەکانی دابنرێت، بەشی سەرەوەی پەروازەکانیش بە قوماش دادەپۆشرێت.

پێنجەم- بنکەی کەندووەکە لەسەر باری زستان دادەندرێت و دەرگەکەش بچووک دەکرێتەوە.

شەشەم- چەندجارەی کردنەوەی سەری کەندووەکە بە پێی توانا کەم دەکرێتەوە، پشکنینی پووردکە تەنها لە ڕۆژە گەرمەکاندا ئەنجام دەدرێت بە مەرجێک کرداری پشکنین بە خێرایی و لەکاتی هەبوونی تیشکی خۆردا بێت و لەو کاتەی کە بای نایەت و لەم کردارەدا بەدوای شاژن دەگەڕێن و دڵنیا دەبینەوە کە خۆراکی ناو کەندووەکە بەشی پووردکە دەکات.

حەوتەم- پێویستە ژێرەوە و تەنیشتەکانی پووردکە لە کرمی شەمێ خاوێن بکرێتەوە ئەگەر هەبوو، گرنگی بە قاڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشییەکان دەدەین بە تایبەتی قەڵاچۆکردنی پندی قارۆا.

هەشتەم- پێویستە کەندووەکە لە دەرەوە بە چینێک داپۆشرێت بۆ پاراستنی لە باران و هۆکارە دەرەکییەکان.

نۆیەم- پێویستە پارسەنگی قورس لەسەر کەندووەکان دابنرێت بۆ پاراستنیان لە تەوژمی بای بەهێز بە تایبەتی ئەو پوورانەی لە شوێنی کراوە دادەندرێن و ناوچەکەش بای بەهێزی هەبێت.

دەیەم- پووردکە ڕوو بەرەو قیبلە دادەندرێت.

کاریگەری خۆڕ لەسەر مێشک

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا دەرکەوت خواردنی خۆڕ 3 جار زیاتر لەو ئاستەی پێشنیار کراوە بۆ ڕۆژێک گۆڕانکاری لە مێشک دەکات کە پەیوەندی بە خەڕەف (وەبیرچوونەوە) بوون هەیە.

توێژەرەکان لە کاتی خۆراکدانی مشک بە خۆراکێکی زۆر سوور بینیان کە بووە هۆی کەڵەکە بوونی پڕۆتینێک بە ناوی (تاو) لە مێشکیاندا، پێشبینی دەکرێت (تاو) هاوکار بێت بۆ ئەوەی خانە دەمارییەکان شێوەی خۆیان بپارێزن و لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر گواستنەوەی خۆراک هەبە و ڕۆڵ دەگێڕێت لە توشبوون بە نەخۆشیی زەهایمەر.

تیمی توێژینەوە لە زانکۆی Weill Cornell لە زاکۆی نیۆیۆرک ئاشکرایانکرد توانای مشکەکان زۆر خراپتر بوو لە کاتی تاقیکردنەوە لە جێبەجێکردنی تواناکانی دیکەیان. لە گۆڤاری (سروشت) توێژەران دەڵێن: بڕی سۆدیۆمی بەکارهاتوو لە لایان مشکەکانەوە هاوشانی 5ئەوەندەی ڕێگا پێدراوە کە مرۆڤ لە ڕۆژێکدا بەکاری بێنێت. توێژەرەکان چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر مێشکی مشک دەکات، بینیان پڕۆتینەکە کەڵکە دەبوو و ڕێژەکەی بەردەوام لە مێشکی مشکەکان زیادی دەکرد بە درێژایی ماوەی تاقیکردنەکە کە 12 حەفتەبوو، مشکەکان گەیشتنە ئەو ڕادەیەی نەتوانن ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە مشکەکان تووشیی تەسکبوونەوەی خوێنبەرە وردەکانی مێشک هاتن کە بووە هۆی بە زەحمەت گواستنەوەی مادەی خۆراکییەکان لە نێوان خانەکاندا، ئەوەش نیشانەیێکی دیکەی جۆرێکە لە توشبوون بە خەڕەف.

ئەو لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوە دەدات بۆ هۆکاری پەیوەندی سیستەمی خۆراک بە توشبوون بە خەڕەف بە پێچەوانەی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.



کاریگەری زیادەڕۆیی لە پەینکردنی مزرەمەنییەکان



زۆر لە خاوەن باخەکان یان ئەوانەی باخچەی ناوماڵیان هەیە و داری مزرەمەنیان (پرتەقاڵ و لیمۆ و لالەنگی) تێدا چاندووە بۆ ئەوەی گەشەی دارەکانیان باش بێت پەینی نایترۆجینی بەکار دەهێنن، بەڵام زۆر جار لە پەرۆشیان بۆ گەشەپەکی خێرای دارەکانیان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی دەکەن واتا بە بڕێکی زۆر زیاتر بەکاریدەهێنن کە ئەو ئاسەوارە خراپانەی دەبێت:-

یەکەم. ڕێژەی دروستبوونی ڕەگ بە ڕێژەی 40% کەم دەبێت.

دووەم. کۆمەڵەی سەوز زۆر دەبێت و تەنانەت کاریگەری لەسەر ڕەنگ و ڕووبەری گەڵاکان دەبێت.

سێیەم. دواکەوتنی پێگەیشتنی بەرهەم.

چوارەم. دابەزینی ڕێژەی ترشیی.

پێنجەم. کەمبوونەوەی ئاوکی بەرهەمەکە واتا بەرهەمەکە کەم ئاو دەبێت.

شەشەم. قەبارەی بەردکان و کێشیان کەم دەبێت و ژمارەیان زۆر دەبێت.

حەوتەم. کەمبوونەوەی ترشیی ئەسکوربیک.

هەشتەم. ڕەنگی تۆخ دەبێت و دەبێتە پرتەقاڵییەکی تێر لە قۆناخی کۆتایی پێگەیشتندا.

نۆیەم. لەگەڵ ئەو هەموو کێشانەی باس کرا بەرهەم زیاد دەکات.

پاراستنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە بارانی پایزە

چەندین کردار و ئامادەکاری گرنگ هەیە پێویستە پیادە بکرێت لە کاتی بارینی بارانی پایزە بۆ پاراستنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

بارینی بارانی پایزە لەگەڵ هەبوونی کەشوهەوای گەرم هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ و هەبوونی خوناو لە بیانیاندا بەوەش دەرفەتی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی بەکتریا و کەڕوو زیاد دەکات وەک دۆکە و جەوی و پەڵەی سەر گەڵاکانی خێزانی کولەکییەکان و تەماتە و پەتاتە، لەو کاتدا پێویستە ڕاستەوخۆ پاش وەستانی باران بارین جوتیار ڕشاندنی پێشگیری بۆ بەروبوومەکە بکات دژە ئەوە نەخۆشییانە. لە هەمانکاتدا ژمارەی میرووە مژۆکەکان زیاد دەکات بە تایبەتی مەن، پێویستە ئەو خاڵەش لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕشاندنا لەبەر چاو بگیرێت. بەرزبوونەوەی ئاستی شێی هەوا دەبێتە هۆی کەمی توانای مژینی ئاو لە زۆربەی بەروبوومەکاندا بۆیە پێویستە ڕووەکەکان قەرەبوو بکرێنەوە بە پەینی شلی گەڵا و گەشە هاندەرەکان. دوای وەستانی باران پەتاتە بە 3-2 لیتر ترشیی فۆسفۆریک دەڕێژیت پاشان بە کالیسۆم لەسەر شێوەی ئۆکسیدی کالیسیۆم نەک وەک نەتراتی کالیسیۆم هەروەها وەجبەیەک سلفاتی پۆتاسی پێدەدرێت.



سوودەکانی پیازی سەوز



پیازی سەوز (تەڕەپیاز) سوودی زۆر گرنگی بۆ تەندروستی هەیە کە زۆر لە ئێمە نایزانین وەک:

١- ڕێژەی کۆڵیسترۆڵ لە خوێندا کەمدەکاتەوە کە بەرزبوونەوەی هۆکارە بۆ زۆر لە نەخۆشیەکانی دڵ.

٢- ئاستی بەرزی شەکری نەخۆشەکانی شەکرە کەمدەکاتەوە .

٣- ڕێگا بە هەوکردن نادات کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی بەکتریا و کەڕوو ڕووەدەدن.

٤- ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لاواز دەکات بەتایبەتی شێرپەنجەی قۆڵۆن.

٥- دەم و کۆئەندامی هەرس تەعقیمدەکات.

٦- بەرگری جەستە بەهێز دەکات و توانای تووشنەبوون بە نەخۆشیەکان زێدە دەکات.

٧- ژمارەیەکی زۆر لە تۆخمی خۆراکی گرنگی تێدایە کە بەسوودن بۆ جەستە بۆ ئەوەی فرمانەکانی خۆی جێبەجێبکات.

شەکری ڕووەکی

شەکری ڕووەکی چەندین سوودی پزیشکی هەیە بۆیە زۆر کەس دەیخوات. یەکێک لەسوودەکانی شەکری ڕووەکی نەرمکردنەوەی ریخۆڵەکان و دەربازبوونە لە قەبزی، زۆر کەس بەهۆی خواردنی نا تەندروست و خواردنی خۆراک بە خێرایی تووشی کێشەی نارەحەتی لە کۆئەندامی هەرس دەبن چارەسەر بۆ ئەم کێشانە خواردنی شەکری ڕووەکیە بۆ خێراکردنی کرداری هەرسکردن. شەکری ڕووەکی دەرمانێکی کاریگەرە بۆ سینگ و قوڕگ ونەخۆشی ئەنفلەوەنزا. بەسوودە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ڕەبووی هەستەوەری. دەنگ لە زبری و نووساندن خاوێن دەکاتەوە بۆیە ئامۆژگاری خواردنی دەکرێت لە کاتی هەبوونی ئەو کێشەیە زۆر لە گۆرانیبێژان پێش ئەنجامدانی ئاهەنگ شەکری ڕووەکی دەخۆنەوە بۆ ئەوەی دەنگیان نەرمتربێت و بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. کێشی ئەو مندالانەی کە تازە لە دایکبوونە زیاد دەکات و یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی بە باشی بخەون و مندالْ لە غازاتی ریخۆڵە دەپارێزێت. شەکری ڕووەکی لەلایەن ئەوکەسانەی ڕێجیم دەکەن بەمەبەستی دابەزاندنی کێش دەخورێت بەهۆی کەمی یەکەی گەرمی تێیدا، بۆیە وەک شۆینگرەوەی شەکری سپی دەخورێت. شەکری ڕووەکی بەکاردێت بۆ خاوێنکردنەوەی چاو وچارەسەرکردنی برینەکانی گڵێنەی چاو وچارەسەرەکەشی خێرا دەکات.





عەبدولخالق مەسعود: یارییەکەی عێراق و ئێران لە بەسرە ئەنجام دەدرێت

عەبدولخالق مەسعود سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ کەنالی زاگرۆسی عەرەبی رایگەیاند کە شوێنی یارییەکەی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و ئێران لە پاڵاوتنە دوانییەکەی مۆندیالی ٢٠٢٢ و ئاسیای ٢٠٢٣ لە بەسرە ئەنجام دەدرێت، هەروەها گوتی: خولی نایابیش هەر دوا دەخرێت تا بارودۆخی شارەکانی عێراق ئارام دەبێتەوە.
لە پرسیارێکی پێشکەشکارەکەدا، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق رایگەیاند: هیچ یارییەک یان پاڵەوانێتییەک ناگوازرێتەوە هەولێر هەروەک لە هەندێک دەزگاوە باسی لێوە دەکرێت.

هێشتا نەبۆتە 18 ساڵ و خاوەن ریتینگێکی بەرزە

هەڵگری میدالیای زیوی تازەپێگەیشتوانی ئاسیا لە دیمانەیەکی خەباتدا





خەبات: هاوار مورتکەیی

لی تی نهو کچەشەترەنجبازێکی لاوی وڵاتی ڤێتنامە و هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە 18 ساڵ، خاوەنی نازناوی پاڵەوانی ئاسیایە و زۆر بە ئاستی لێوێ تینجل سەرسامە و حەزەکات بگاتە ئاستی ئەو و دواجاریش وەک راهێنەر بەردەوامی بە یاری شەترەنج بدات، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات لێدوانێکی کورتی لێ وەرگرتووە سەبارەت بە خەون و خۆشەویستی بۆ یاری شەترەنج.

بروانامەی کاندید ماستەر

لی تی نهۆ کە لە شاری دالات لەدایک بووە گوتی: من لەخێزانێکی شەترەنج دۆست لەدایک بووبم، بۆیە سەیر نییە کە منیش ببمە یاریزانیکی ئەو یارییە، چونکە بەردەوام شەترەنج لەناو ماڵماندا هەیوو، هەر زوو فیری ئەو یارییە بووم و لەبیرمە کاتێک تەمەنم 7 ساڵان بوو، یاریم لەگەل خوشک و براکانم دەکرد، لەبەر بایەخی بەردەوامم بەشداری چەند پاڵەوانێتییەکیان پێکردم، دواتر کە بۆیان دەرکەوت زۆر خۆم داوتە سەر شەترەنج و تیکەڵی ناخم بووە، دەرفەتیکیان پێدام کە بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیا بکەم بۆ تازەپێگەیشتوان و خۆشبەختانەش توانیم میدالیای زێڕ و پلەی یەکەم بەدەست بهێنم ئەوکات تەمەنم 11 ساڵان بوو لە ئاستی خوار 12 ساڵی بشداریم کرد و واتریش بڕوانامەی کاندید ماستەری ئافرەتان بەدەست بهێنم.

شەترەنج لەقوتابخانە یارمەتیدەرمە

ئەو کچە شەترەنجزانە ڤێتنامیە ریتینگیکی بەرزی لەئاست تەمەنەکە ی هەیە کە 1820ە دەڵێت: لەوتەی ئەو یارییە دەکەم لەهەموو بواریکدا بیر لە شتەکان دەکەمەوە و هیچ هەنگاوێک ناهاوێژم کە بێ بیرکردنەوەبێت، چونکە شەترەنج ئەر هیچی پێ نەبەخشیبم ئەو نیعمەتەی پێداوم کە لە قوتابخانەش زۆر سوودم لێوەرگرتووە، بۆیە هیچ کات بیرم لەوە نەکردۆتەوە وازی لێ بهێنم، چونکە هێشتا خەونەکانم نەهاتوونەتە دی، کە بریتین لەبەدەستهێنانی بڕوانامەی گراند ماستەری ئافرەتان و رکابەری لەسەر نازناوی پاڵەوانی جیهان بکەم.

ئیکاردی: هێشتا زووە لەسەر داهاتووم قسە بکەم

ماورۆ ئیکاردی ئەرژەنتینی، هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، کە ئەمساڵ بەخواستن لە ئینتەر میلانەوە رووی لەو یانەیە کردووە، پێی وایە، قسەکردن لەسەر ئایندەی خۆی هێشتا زووە. ئەمەو ئیکاردی، لە سەرەتای ئەو وەرزەدا، بە شێوەی خواستن بۆ یەک وەرزە، لەگەڵ بژاردەی کڕین، هاتە ریزەکانی پاریس سان جێرمانی فەرەنسییەوە. ئیکاردی لەو لێدوانەیەدا، کە مالپەڕی (کالچیۆ میرکاتۆ) بڵاوی کردووەتەوە وتی:" من ئەو وەرزە لە پاریس سان جێرمانم، ئامانجم پێشکەشکردنی باشترین ئاستمە بۆ ئەو درێسە و جەماوەرەکەی". وتیشی:"لە کۆتایی وەرزدا، لەماوەی نێوان ئایار و حوزەیراندا، بزانین چی روو دەدات". هەروەها وتی:"هێشتا زووە بۆ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، دەمەوێت چێژ لەو وەرزە وەربگرم و سەرکەوتن و نازناوەکان لەگەڵ پاریس سان جێرمان بەدەست بهێنم".شیاوی باسکردنە، پەیوەندی ئیکاردی، لەگەڵ ئینتەرمیلان و جەماوەری یانەکە، گەیشتە رێگەیەکی داخراو، دوای کێشە بەردەوامەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگەدا. پێشبینی دەکرێت، ئیکاردی، بچێتە یانەیەکی دیکە بێجگە لە ئینتەر، ئەگەر بێتو پاریس جان جێرمان بڕگەی کڕینەکەی کارا نەکات.

ڕەمزی میرکانی



سەرۆکی ریال مەدرید داوای گەڕانەوەی کریس دەکات

تۆڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە فلۆرینتۆ پێریزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی سەبارەت بە دووبارە گەڕاندنەوەی کریستیانۆ رۆنالدۆ بۆ مێرینگی.
پێریز دەستەوارەیەکی پێشکەشی رۆنالدۆ کردووە بەوابەستەکردنی ناوی ئەو یاریزانە پورتوگالیە بە ریال مەدریدەوە تا ئەوکاتەی بەشێوەیەکی فەرمی واز لەیاریکردن دینێت، وە پۆستی بالیۆزی ریال مەدریدی پێدەدرێت، بەمەش کاریگەری ئەرێنی لەرویی بازرگانییەوە دەبێت.
لەلایەکی دیکەوە رۆنالدۆ کە تا 2021 لەگەڵ یۆڤینتۆس رێککەوتووە یاریبان بۆ بکات، ئێستا لەگفتوگۆدایە بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی درێژبکاتەوە، ئەمەش پەیامێکە بۆ داواکەی پێرێز کە داوای لێکردبوو بگەرێتەوە قەڵای سانتیاگۆ بێرنابیۆ.

ڕیبێری هێرش دەکاتە سەر ناوبژیوان

فرانک ریبێری یاریزانی یانەی فیۆرنتینای ئیتاڵی لەگەل فیکەی کۆتایی ناوبژیوانی یاریبەکەیان بەرامبەر یانەی لازیۆ بیرو هۆشی لەدەست دەدات و بە جەستەی هێرش دەکاتە سەر یەکێ لە یاریدەدەرەکانی ناوبژیوان.
ریبێری کاتێک لە خولەی 74 لەلایەن ناوبژیوانەوە دەردەکرێت، تورە دەبێت، بەشێوەیەک ناتوانێت کۆنترۆلی خۆی بکات و دوو جاران بەتوندی جەستەی لە یاریدەدەری ناوبژیوان دەدات کە ئەمەش وەک هەڕەشەیەک سەیر کرا و پێدەچێت ئەم یاریزانە لە چەند رۆژی داهاتووەوە رووبەڕووی سزایەکی توند ببێتەوە.

بەهۆی باڵاپۆشییەوە کچێک لەپێشبڕکێیەکەی ئەمریکا دوورخرایەوە

بەرپرسانی پێشبڕکێی ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکی، کچێکی موسلمانیان لە پێشبڕکێ دوور خستەوە، کاتێک بەباڵاپۆشی بەشداری پێشبڕکێیەکەی کردبوو وە نزیک بوو لەوەی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت کاتێک لەنزیک هێلی کۆتایی رایانگرت.
نور ئەبو کەرەمی تەمەن 16ساڵ کچە موسلمانیکی ئەمریکایە بە ئێزگەی بی بی سی راگەیاند کاتێک بەشداریم لە پێشبڕکێیەکە کرد کەس پێی نەگوتم کە جل و بەرگەکانم پێچەوانەی بنەماکانی پێشبڕکێیەکەیە تا ئەوکاتەی گەیشتمە هێلی کۆتایی ئینجا منیان دوور خستەوە، هەروەها گوتی: کاتێک منیان دوور خستەوە وامزانی کامیۆنەک لێیدام، چونکە ئەمە هیچ دژی بنەماکانی پێشبڕکێیەکەوە نییە جگە لە ڕەگەزپەرستی ئاینی نەبێت.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 29. Oct. 2019 No: (5859)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دیلان هونەر: ئێستا سۆشیاڵ میدیا باشترین سەکۆیە بۆ بڵاوکردنەوی کاری هونەری



خەبات: سولێن سلێمان

هونەرمەند دیلان هونەر لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت: لە ساڵی 1993لە شاری سلێمانی لە گەرەکی سەرچنار لە دایکبووم، لە ساڵی 2017 دەستم بە کاری هونەری گۆرانی گوتن کردووە هەر لە و ساڵەش یەکەم ڤیدیۆ کلیپی خۆم بڵاوکردەوە بە ناوی (سوێند) کە تێکستی لەلایەن شاعیر بەڵێن سەنگاوییەوە بۆ دانرابوو هەروەها میلودییەکەشی لەلایەن هونەرمەند رەوەز رەجەب بۆی دانرابوو.

هەروەها لە ساڵی 2019 "3"یەم ڤیدیۆ کلیپی ترم بڵاو کردەوە، بەناوەکانی(یارم، بەهار کە لە مانگی ئادار بڵاومکردەوە، هەروەها ڤیدیۆکلیپی دڵ بریندارە، لە بارە ی پشتگیرییەکەی لە رووی ماددی و مەعنەوی یە وە دەڵێت:- تا ئێستا من خۆم پشگیری خۆم کردووە کەس هاوکاری من نەبووە، تا ئێستاش خاوەنی چوار ڤیدیۆ کلیپی تایبەت بەخۆمم، لە پرسیارێکدا کە ئایا هیچ دوێتەکی لە بەرنامەدا هەیە لەگەڵ هونەرمەندان ؟لە وڵامدا دەڵێت: تا ئێستا دوێتم ئەنجام نەداوە هێشتا لە بەرنامەمدا نییە کە جارێ دوێت ئەنجام بدەم، لە بارەی ئەوەی کە ئایا هیچ ئەلبومێک دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بەرای من دروستکردنی ئەلبووم لە ئێستادا بە شتێکی باش نازانم، چونکە سۆشیاڵ میدیا ئێستا باشترین سەکۆیە بۆ بڵاوکردنەوی کاری هونەری، ئێستا زۆربەی خەڵکیش لە ڕێگەیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سایتەکانەوە ئاشنای نوێترین کارە هونەرییەکانی هونەرمەندان وەک لەوەی بچێت لە تۆمارگایەک سی دی یەک بکرێت، گوتیشی تا ئێستا زۆر کونسێرتمان ئەنجام داوە لە گەڵ هونەرمەندانی تر بەڵام تا ئێستا کۆنسێرتی تایبەت بەخۆم ئەنجام نە داوە ، بەڵام لە داهاتوودا کۆنسێرتی تایبەت بە خۆم دەبێت.

لەبارەی ئاستی هونەر لە ئێستادا ئاشکرای دەکات دەڵێت:ئێستا میللەتی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە لە رووی گۆرانی بێژ و ڤیدیۆکلیپ و ، ئەتوانم بڵێم کە ئێستا ئێمە میللەتێکی پر بە بەرهەمین وە بەرهەمی باش ساڵانە بڵاودەبێتەوە، هۆکاری ئەوەی کە گۆرانییەکان زۆر نەمێنەوە پاش بڵاوکردنەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێستادا ڕێژەی بڵاوکردنەوی گۆرانی زۆر بووە، ڕۆژانە ئێمە ڤیدیۆ کلیپی تازە بڵاو دەکرێنەوە هەروەها لە بارەی نوێترین کارییەوە دەڵێت: لە ئێستادا خەریکی دروستکردنیی نوێترین کاری ڤیدیۆکلیپم ، کە کارێکی زۆر جیاوازە گۆرانییەکە تەواو مۆرکێکی کوردایەتی پێوە یە ، کە لە ئێستادا کار لە سەر ئەو ڤیدیۆکلیپە دەکەین ،کاری موزیکی و دەنگی تەواو بووە ،تەنها کاری وێنەگرتنی ماوە، ئینشائەڵڵا بەمزووانە بڵاودەبێتەوە، هەروەها یەکێکی تر لە و بەرهەمەمانەی کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێت کەلە تێکست و ئاوازی خۆمە.

بەم ڕێگایە بەئاسانی ڤیدیۆکانی یوتیوب داونلۆد بکە



هەردەوان: کاتێک گۆرانییەک یان ڤیدیۆیەکی سەرنجڕاکێش لە یوتیوب دەبینین و نازانین یاخود بەرنامەیەکی دیاریکراومان نییە کە ڤیدیۆکەی پێ داونلۆد بکەین. هەندێک جاریش بە تەواوی لەبیریدەکەین و نا ئومێد دەبین لە دووبارە دۆزینەوەی. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش، دەتوانی یەکێک لەم دوو ڕێگەیە بە ئاسانی ڤیدیۆکە دوانلۆد بکەیت:

ڕێگەی یەکەم: دەتوانن ڕاستەوخۆ و بە بێ دابەزاندنی هیچ بەرنامەیەک لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڤیدیۆکانی سەر یوتیوب داونلۆد بکەن، ئەویش لە ڕێگەی وێبسایتی www.youtubemultidownloader.com تەنها لینکی ڤیدیۆکە لەسەر یۆتیوب کۆپی بکە و لە نێو ئەو وێبسایتەدا پەیستی بکە. پاشان کلیک لە لەسەر داونلۆد بکە و لە نێو مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکەتدا داونلۆدی بکە.

ڕێگەی دووەم: بەکارهێنانی پڕۆگرامی Free You-Tube Downloader . دەبێت ئەم بەرنامەیە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت داونلۆد بکەیت و بە خێراترین ماوە هەرچی جۆرێک ڤیدیۆت دەوێت دەتوانییت داونلۆدی بکەیت.





کۆمسای: ئەرمەنیەکان جینۆسایدیان لەبیر نەکردووە، کالای تورکی بەکار ناهێنن

هەمزە سەرحان

خانمە هونەرمەند کۆمسای پشتگیری لە بایکۆتی کالای تورکی دەکات و ڕاشی دەگەیەنێت کە لە وڵاتی ئەرمینیا کەمترین بەرهەمی تورکی هەیە چونکە ئەرمەنییەکان جینۆسایدیان لەبیر نەکردووە.کۆمسای لەبارەی هەڵمەتی بایکۆتی کالای تورکیەوە دەڵێت: من زۆربەی جلوبەرگەکانم ئەوروپین یاخود دیزاینی ئەرمەنی و ئەلبانی و ئێرانین، چەندین ساڵە کچان و کوڕانی ئێران باشترین جل و بەرگ و ماکیاج بەکار دەهێنن کە هیچیان تورکی نییە"کۆمسای داوا لە خەڵک دەکات بایکۆتی کالای تورکی بکەن و دەڵێت"دەتوانن لە چین و ئێران و ئیمارات شت بکڕن، من ئامادەم وەک هونەرمەندێک ڕیکلام بۆ کالا و بەرهەمی کوردی و خۆمالیانە بکەم.



دۆزینەوەی 30 تابوتی تەختە لە میسر

لە گۆڕستانی گەورەی عەساسیف لە نزیک شاری لوکسۆری میسر، ٣٠ تابوتی تەختە کە بەشێوەیەکی زۆر باش پارێزراون و ڕەنگکراون، بە میدیاکاران نیشان دران.